# ژیانی سیاسی لە ئیسرائیل:

## دیموکراتی نەژادی یان تاکە رژێمێکی دیموکراتی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست؟

سەردار عبدالکریم عبداللە-هۆڵەندا

**تەنها بۆ وەبیرهێنانەوە:**

جوەکان لە دەوروبەری ساڵی2000پ.ز هاتوونەتە فەلەستین و تیایدا جێگیر بوونە،بەڵام تا ساڵانی1280-1011پ.ز شوێنێکی دیاریکراویان نەبووە،لە 1011-931پ.ز توانیان فەلەستین کۆنترۆل بکەن و شانشینێکی سەربەخۆ دابمەزرێنن، بەڵام لە931-721پ.ز شانشینەکەیان دابەشی دوو دەوڵەت بوو،هەریەک پادشای خۆی هەبوو،شانشینە مەزنەکە لە سامرە و بچوکەکەشیان پایەتختەکەی ئۆرشەلیم بوو،پاشان لە721-587پ.ز زۆربەیان وەک دیل (سەبایە)کەوتنە ژێر دەسەڵاتی ئاشوری و بابلیەکان،بەڵام لە661-37پ.ز لەسەر دەستی مەکابییەکان بۆ جاری دوەم ئازاد بونەوە،ئەم ئازادیە تا هاتنی رۆمەکان بەردەوام بوو،دواتر رۆمەکان لەساڵی135ز ئۆرشەلیمیان تێکدا وکۆتای بەدەسەڵاتی سیاسی جوەکان هات،پاش ئەو کارەساتە بەشێک لە جوەکان لە فەلەستین مانەوە بەتایبەتی لە جەلیل،بەم شێوە تا چەندین سەدە ئەم دۆخە درێژەی کێشا،ئیتر هەندێ جوی ئەو ناوچەیە بە جیهاندا پەرت بون بەتایبەتی بۆ ئەوروپا.1جوەکان لەبەرئەوە داوای خاکی فەلەستین ناکەن چونکە لێی ژیاون یان بۆماوەیەکی دیاریکراو حکومیان تیاکردووە،بەڵکو هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەرێننەوە کەوا بە بەردەوامی و بەدرێژای مێژو بونیان لەو شوێنە هەبوە،بە بیروڕای ئاینی جولەکە ئەم خاکە پیرۆزیەکی تایبەتی هەیە،چونکە لەلایەن خواوە خەڵاتیان کراوە(ئەم بیرۆکەیە لای جوە علمانی و بەدینەکان شتێکی نەگۆرە).جوەکان لەم روانگەوە بیرۆکەی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لەفەلەستین بە ئەرکێکی ئاینی و نەتەوەی دەزانن،2بۆ ئەم مەبەستەش یەکەم پرۆژەیان بۆ کۆکردنەوە و راکێشانی جوەکانی جیهان و نیشتەجێکردنیان لە فەلەستین و پێکهێنانی دەوڵەتی جولەکە دەگەرێتەوە بۆ ساڵی1799ز لە سەردەمی ناپلیۆن پۆناپارت.یەک سەدەی خایاند تا ژمارەیەک روناکبیری جولەکە کەوتنە لێکدانەوەی لایەنە فەلسەفی،سیاسی،مێژوییەکەی پرۆژەکە و هەندێ خاڵی تازەیان بۆ زیادکرد.پرۆژەکە لە خاڵی سفرەوە دەستی پێکرد،نیو سەدەی خایاند تا بیرۆکەی پێکهێنانی دەوڵەت،دوبارە سەری هەڵدایەوە،بۆ پێکهێنانی میللەت، قەڵەمرەو، حکومەتی جولەکە و دەوڵەتی جولەکە لە قودس،پاش نیو سەدەی تر ئامرازی پێویست دەستەبەر کرا،ئینجا ئەو حکومەتە کارەکانی خۆی دەستپێکرد،پرۆژەکە کاریگەری بزاڤە ناسیۆنالیستیەکانی ئەوروپایان بەسەرەوە بوو،لە هەنگاوی یەکەمدا پشتی بەواقیعیەتەکانی بەردەست،واتە رەزامەندی هەردوو لا(حاکم و محکوم) نەبەست،ئامانجی سەرەکی بریتی بوو لە پێکهێنانی دەوڵەتێک،ئەو دەوڵەتەی تیۆدۆر هێرتزل لە ژێر ناوی(حکومەتی جولەکە) یان (دەوڵەتی جولەکە) کتێبێکی لەسەر نووسیبوو،لەماوەی نێوان1887-1917 جوەکان زۆر ژیرانە بۆ سەرخستنی بەرنامەکەیان هەنگاویان دەنا،ئەمەش رێخۆشکەر بوو بۆ پێکهێنانی رێکخراوی جیهانی زایۆنیزمی کە ئامانجەکەی دامەزراندنی دەوڵەتێک بوو بۆ جوەکان لە فەلەستیندا.3لەکاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا وڵاتانی هاوپەیمان توانیان بەشی زۆری ئەو وڵاتانەی لە ژێردەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوون داگیری بکەن، فەلەستینیش یەکێ بوو لەو ناوچانەی لە ساڵی1917 لەلایەن ئنگلیزەکان داگیرکرا،بە گوێرەی پەیمانی سایکس-پیکۆ ئەم وڵاتانە لە نێوان فەرەنسا و ئینگلیزەکان دابەشکران، فەلەستین بەر ئینگلیزەکان کەوت،بەپێی بەڵێنی بەلفۆر دەبوا بەریتانیا نیشتمانێکی نەتەوەیی بۆ جولەکەکان لە فەلەستین دابمەزرێنێ،ئینگلیزەکان هەوڵەکانی خۆیان بۆ هێنانەدی ئەم بەڵێنە خستەگەر،بۆ ئەو مەبەستەش هانی جوەکانیان دا لە سەران سەری جیهان روبکەنە فەلەستین.4

ئەگەرچی گومان لە پەیوەندی راستەوخۆی نێوان دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل و کورەکانی غاز و زایۆنیزمی نوێ نیە، کوژرانی هەزاران جو بووە هۆیەکی سەرەکی بۆ ئەوەی لە داهاتودا دەوڵەتی ئیسرائیلی دابمەزرێت،جوەکان ئەم فکرەیان کردە فەلسەفەی خۆیان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتەکەیان بەپێی بزوتنەوەی مێژو و لاهوتی، گرنگیان بەو دەستەواژە لاهوتیە دا کە دەڵێت:رزگار بوون لە میان ئازارەوە دێت.ئەمە وایکرد لە29ی ت.یەکەمی1947کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان بریاری181ی دەربکا،تیایدا داوابکات فەلەستین بکرێتە دوو وڵات یەکیان بۆ عەرەبەکان و ئەویتریش بۆ جوەکان،5 لە14ئایاری1948 دەوڵەتی ئیسرائیل راگەیانرا،بۆ رۆژی دواتریش شەر لە نێوان عەرەب و جوەکان هەڵگیرسا،شەرەکە بە سەرکەوتنی جوەکان کۆتایی هات،لەم شەرەدا توانیان78%ی خاکی فەلەستین بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان،ئەوەی لە دەست عەرەبەکان مایەوە کەناری رۆژئاوا(کە بە ئوردن بەسترایەوە) و کەناری غەزا بوو(ئەویش بە میسر بەسترایەوە).6لەشەری ساڵی1967دا ئیسرائیلیەکان توانیان کەناری رۆژئاوا و کەناری غەزە و سیناش داگیربکەن،ناوچەی سیناء بە پێی بەندەکانی

پەیمانی کامپ دێڤدی1979 لە25ی نیسانی 1982 لە ڕێگای ئەم ڕێککەوتنە ئاشتیخوازیەی نێوان میسر و ئیسرائیل بۆ میسریەکان گەڕێندرایەوە،بەڵام هەر لەم ساڵەدا ئیسرائیل توانی خواروی لوبنان داگیربکات تا لە 24ی ئایاری2000 خۆی یەک لایەنە لەو ناوچانە کشایەوە.ئەوخاکەی کە ئێستا بە دەوڵەتی ئیسرائیل دادەنرێ 20,770کم2،ڕوبەرە وشکانیەکەی 20,330 کم2،ڕوبەرە ئاویەکەی440کم2، لێوارەکانی دەریای 273کم 2درێژە،بەگوێرەی سەرژمێری تەموزی 2002 ژمارەی دانیشتوانی ئیسرائیل6,290,529 کەسە،[7]بەمەش کەڵەکەبوی دانیشتوانی دەگاتە 298 کەس بۆ یەک کم2 کە بەڵگەی کەڵەکە بونێکی بەرزی دانیشتوانە،ئێستا تەنها 10وڵاتی جیهانی کەڵەکە بونی دانیشتوانیان لە ئیسرائیل زیاترە،لەماوەی ئەم دە ساڵەی دوایی،دانیشتوانی ئیسرائیل زیاتر لە 1,5ملیۆن کەس زیادی کردوە.لە 4,559,600 کەسەوە گەیشتۆتە6,290,529 کەس. بەرزترین ئاستی زیادبونی دانیشتوان بە تایبەتی لە ناو جوەکان دەگەڕێتەوە بۆ ماوەی1990-1994 کە 650 هەزار جوی بەنەژاد روس بەکۆمەڵ لەم ماوەیە کۆچیان بۆ ئیسرائیل کرد.[8]ئەم گەشەکردنە خێرایەی دانیشتوان ڕاستەوخۆ کاریگەری بەسەر نەخشەی ژیانی کۆمەڵایەتی،ئابوری وسیاسی حیزبە سیاسیەکانی ئیسرائیلی هەبوە، کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە شێوازی حوکم و تەکەتولاتەکان پەیدا کرد(دواتر باسی دەکەین).لەڕوی دانیشتوانەوە ئیسرائیل لەناو سەرجەم وڵاتانی جیهان پلەی(95)ەمی هەیە واتە لەناو هەموو یەک هەزار کەسی دانیشتوانی جیهان دەتوانرێ یەک ئیسرائیلی بەدی بکەیت.بەڵام هەرچی جوەکانی دەرەوەی ئیسرائیلن(دیاسپورا) پێویستە بوترێ کە لە کۆتای هاتنی جەنگی دوەمی جیهانەوە تاکو ساڵی1985 هەڵسەنگاندن و لێکۆلینەوەی ئاماری نەکراون، بەڵام پاش ئەمە زانکۆی عیبری لەم مەیدانەدا هەنگاوینا.پێشبینی کردنەکان بۆ دانیشتوانی دیاسپورا ئاماژە بۆ ڕەوتێکی دابەزینی بەرچاو دەکات،زانکۆکە پێشبینی دەکات لەماوەی نێوان1970-2010 دا نزیکەی30%ی قەوارەی دانیشتوانی ئەم گروپە کەم ببێتەوە،بەڵام ژمارەی پیرەکانیان بە ڕێژەیەکی باڵاتر لە ئاستی پیرانی سەرجەم کۆمەڵەکانی تری جیهان زیاد دەکا.[9]لە ناو ئیسرائیلیش27,1%ی دانیشتوانەکەی تەمەنیان لەنێوان0-14ساڵیدایە،63% یشیان لەتەمەنی15-64 ساڵین،9,9%شیان لەسەروی65 ساڵیەوەن، 10 نزیکەی90%ی دانیشتوانەکەی شارنشینە،ڕێژەی گەشەکردنی دانیشتوان 1,48%ە (تەخمینی 2002)ڕێژەی لەدایک بوون لە هەزارە18,91،مردن لەهەزارە 6,21ە، ستاندەردی تەواوی کۆچکردن بۆ هەر هەزار کەس 2,11ە،ستاندەردی تەواوی مردنی منالآن لە هەزار کەس7,55 منالە،دابەش بوونی نەژادی لە ئیسرائیل بەم شێوەیەیە: جولەکە لە80,1% کەسە کە60%یان لە ئەمریکاو ئەوروپا لەدایک بوونە،12%یان لە ئیسرائیل،13%یان لە ئەفریقیا و 12%یان لە ئاسیا لە دایک بوونە،عەرەب (بە موسڵمان، فەلە و دروزەوە)لە ناو سنووری ئیسرائیل ڕێژەیان19,9%یە.لەڕوی پێکهاتەی ئاینیش 80,1% جون، 17,8%موسڵمانن،2,1%مەسیحینە.زمانی ڕەسمی وڵات عبری و ئینگلیزیە، عەرەبیش تەنها بۆ عەرەبەکان ڕەسمیە،95%دانیشتوانی خوێندەوارن.[11]

**ئابووری ئیسرائیل**:

ئابوریەکەی پشت بە سیستەمی بازاڕی ئازاد دەبەستێ،ئەم سیستەمە ئازادە وایکردوە ئابووری ئیسرائیل خاوەنی بازاڕێکی پێشکەوتوبێ لەڕوی تەکنەلۆجیاوە. نەوتی خاو،دانەوێڵە،کەرەسەی خاو،ئامێری جەنگ دەکرێ. سەرباری کەمی سامانی سروشتی توانیویەتی بواری کشتوکاڵ و پیشەسازی لەم بیست ساڵەی ڕابردو گەشە پێبدات،لەبواری بەرهەمهێنانی خۆراکەوە جگە لە دانەوێڵە توانیویەتی پێداویستیەکانی خۆی مسۆگربکات،گرنگترین شتیش کە دەنێرێتە دەرەوە:ئەڵماسی سقلکراو،ئامێری تەکنەلۆجیای نوێ، بەروبوومی کشتوکاڵی(میوە).ئەگەر ئیسرائیل بە شێوەیەکی فراوان حیساباتی ئاڵوێرکراوی کورتی هێنا،ئەوە لە ڕێگای حەواڵەی دەرەکی و قەرزەوە پڕی دەکاتەوە.نیوەی قەرزە دەرەکیەکانی حکومەتی ئیسرائیل هی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە کە سەرچاوەی سەرەکی کۆمەکە ئابووری و سەربازیەکانیانە،[12]بەڕای هەندێ لە سیاسیەکانی ئیسرائیل ئەمە بۆتە هۆیەکی سەرەکی کە ئازادی لە بڕیار وهەڵوێستی سیاسی ئیسرائیل بەرتەسک بێت،ئەمەش وایکردووە زۆر لە سیاسیەکانیان بەهیوای ڕزگار بونیان لە وابەستەیی ئەمریکا هەوڵی دەستگرتنەوە لە بوارەکانی باروبۆی کۆمەلایەتی بدەن.[13]کۆچکردنی بە لێشاوی جولەکەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشو لە ماوەی1989-1999 وایکرد ڕێژەی دانیشتوانی ئیسرائیل بە نزیکەی یەک ملیۆن کەس زیادبکات(واتە بەڕێژەی یەک لەسەر شەش)ئەمەش بووە هۆی ئەوەی پشتیوانیەکی مەزن لە بواری شارەزایی زانستی و پیشەیی ڕوبکاتە ئەم وڵاتە،کارێکی ئیجابیش بکاتە سەر ئایندەی ئابوری ئیسرائیل و بازاڕی تازەش بکاتەوە.ئەم گۆڕانە دیمۆگرافیە بوە هۆکارێکی بەرچاو لەسەرەتای نەوەدەکان و تەکانێکی دایە هێزی ئابوری ئیسرائیل تا زۆر بە خێرای گەشەبکات،بەڵام کاتێ حکومەت لەساڵی1996 سیاسەتێکی دراوی و دارایی زۆر توندی پەیڕەوکرد،ئەم سیاسەتەش بوە هۆی دابەزاینی ئاستی ئەم کۆمەکانە بۆ نزمترین ئاست،کاردانەوەی ئەم بەرنامە ئابوریە بوە

هۆی سست بونی ئەم گەشەکردنە. لەساڵی2004 داهاتی تاکەکەس لە بەرهەمی ناوخۆ76.9ی شیگل بوە،واتە بەڕێژەی 2.2% لەچاو ساڵی 2003بەرزتر بۆتەوە،بەڵام بەکارهێنان لەبواری پێویستیەکانی تاک لە2002دا1.1%بوە،لە2003 بۆتە1.3% و لە2004 بۆتە4.5% ئەمەش ئاماژەیە بۆ بەرزبونەوەیەکی زۆر لە ڕێژەی بەکارهێنان لە لایەن تاکەوە.(24)کەناڵی پەخشی تەلەفزیۆن هەیە،610کم هێلی ئاسنی،15965کم ڕێگای گشتی،بەندەرەکانی کەشتیڕانی :ئەسدود، عەسقەلان، ئیلات، خەزیرە، تەلئەبیب،یافا و حەیفا.(16)کەشتی بازرگانی (بە قەبارەی جیا جیا)ی هەیە، دراوەکەشی شیگلە.[14]

**سوپا**:

لەساڵی2001دا(54)فڕۆکەخانەی هەبوە،سوپاکەی لەهێزی بەرگری(کە بریتیە لە هێز زەمینی، ئاسمانی و دەریایی)،هێزی ناهال و پاسەوانی سنور و هێزی ژنان پێکهاتوە. لەکاتی خزمەتدا نێر و مێ پێکەوە سەربازی دەکەن.گەنجەکان لە18ساڵی جلی سەربازی لەبەردەکەن،بەپێی ئامارەکانی2000ئەوانەی ساڵانە دەگەنە تەمەنی سەربازی:نێرینە:50348 و مێینە:4799.لەساڵی2001دا تێچوی سەربازی ئیسرائیل 8.866ملیار دۆلارە بوە،لەساڵی2000یش ڕێژەی تێچووی سەربازی لەبەرهەمی ناوخۆییدا:لە8%بووە.[15]ئیسرائیل خاوەنی سوپایەکی مۆدێرنە،چەکی ئەتۆمی و ستراتتیژی هەمە چەشنەی هاوچەرخی هەیە،لەبواری دروستکردن و تەکنولۆجیای جەنگی پێشکەوتوە.هێزی سەربازیەکەی ئامادەیە بۆ بەرەنگاربونەوەی هەر دەوڵەتێک ئەگەر بیەوێ هەڕەشە لە ئیسرائیل بکات،توانای ئەتۆمی ئیسرائیل لە1996زیاتر لە200 بۆمب و سەرە ئەتۆمی بوە،نزیکەی140 بۆمبی ئەتۆمی تاکتیکی و بچوک و30–40 بۆمبی ئەتۆمی ستراتیژی هەیە.ئیسرائیل ئەندامە لە نەتەوە یەکگرتوەکان،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەیمانی داماڵینی چەکی ئەتۆمی مۆرنەکردووە[16]

**سیستەمی سیاسی**:

وڵاتێکی دیموکراتی پەرلەمانیە،ئاڵوگۆڕی دەسەلات لەڕێگای هەڵبژاردنەوەیە، پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکی وڵات لەلایەن کەنیسەت (کە پەرلەمانێکی یەک ئەنجومەنی)ەدەکرێ،سەرۆک بۆ ماوەی پێنج ساڵ حوکم دەکات،تا ئێستا هەشت سەرۆک لە ئیسرائیل هاتونەتە سەرحوکم،لە31تەموزی 2000ەوە (موشێ کاتساف)ی سەر بە لیکۆد سەرۆکی وڵاتە.[17]لە پرۆسەی دەنگدان هەمو ئیسرائیل بە یەک بازنەی هەڵبژاردن دادەنرێت،هەمو کەسێ تەمەنی18 ساڵ بێ بۆی هەیە دەنگ بدات، ئەوەی 21سالیشە بۆی هەیە خۆی بپاڵێوێ،بەڵام سەرۆکی وڵات،چاودێرانی وڵات،سەرۆکی ئەرکان سوپای بەرگری،هاخام و قازیەکان بۆیان نیە خۆیان بپالێون تا دەست لەکارەکەیان نەکێشنەوە(لانی کەم دەبێ 100ڕۆژ بەر لەوادەی هەڵبژاردن ئەمە بکەن). سەرەک وەزیران دەبێ حزبێکی سیاسی بیپالێوێ یان حزبێک کەوا بەلانی کەم10کورسی لە پەرلەمانەکە هەبێ،تەمەنیشی لە30ساڵ زیاتربێت،سەرۆکی لیستی حیزبەکەش بێت.ئەندامانی حکومەت(ئەنجومەنی وەزیران)لەلایەن سەرەک وەزیرانەوە دەسنیشان دەکرێن،دەبێ کەنیسەت بەزۆرینەی دەنگ پەسەندی بکات. لەکاتێک ئەگەر حزبێکی تازە بیەوێت خۆی بپالێوێ دەبێ50 هەزار دەنگدەر ئیمزایان بۆ کۆکردبێتەوە.لەئیسرائیل سیستەمی هەڵبژاردن ڕێژەییە،ژمارەی کورسیەکانی کەنیسەت بە گوێرەی ژمارەی دەنگدەرەکانە کە دەنگیان بۆ داوە.بۆ کەنیسەت هەیە لەژێر کاریگەری دۆخێکی تایبەت بڕیار بدات وادەی هەڵبژاردن پێشبخرێ یان درێژبکرێتەوە.تەنها کۆتێک بۆ چونە ناو کەنیسەت لەبەردەم لیستەکان ئەوەیە دەبێ ڕێژەی ڕەها1,5% بهێنن.هەر چوارساڵ جارێک لە ئیسرائیلی بۆ دیارکردنی 120 نوێنەری کەنیسەت(پەرلەمان)هەڵبژاردنێکی گشتی دەکرێت،دەبێ هەر ڕێکخراوێکی سیاسی ڕێژەی ڕەهای1,5%ی دەنگەکان بەدەستبهێنێ تا بتوانێ بەشداری لە پەرلەمان بکات،هەڵبژاردنەکان پشت بەپاڵێوراوی حیزبەکان و لیستە هاوپەیمانەکان دەبەستن نەک پاڵێوراوی سەربەخۆ.هەر حیزبێک بەتەنها یان لە لیستێکی هاوپەیمانیدا ناوی پاڵێوراوەکانی خۆیان پێشکەش بە لێژنەی هەڵبژاردنی بالاّ دەکات،ئەم حیزبانەش بۆیان هەیە ڕاستەوخۆ هەمان ئەو نوێنەرە کۆنانەیان لەکەنیسەت دوبارە بۆ خولێکی تری تازەی پەرلەمان کاندید بکەنەوە.[18] لەسالاّنی1996–2001 لەکاتی پرۆسەی دەنگدان ڕاستەوخۆ سەرەک وەزیران هەڵدەبژێردرا،لەپرۆسەی هەڵبژاردن دوو کارت هەبون یەکێ بۆ دیاریکردنی حیزب و یەکێ بۆ دیاریکردنی سەرەک وەزیران،بەڵام لە هەڵبژاردنی2001 ئەم سیستەمە نەما وئێستا گەڕاونەتەوە بۆ سیستەمە کۆنەکەی بەر لە1996 کە تەنها یەک کارت بە کاردەهێنرێ ئەویش بۆ هەڵبژاردنی لیستەکانە،ئەمەش هەلی لەبەردەم دەنگدەر کەم کردۆتەوە، ناچاری دەکات دەنگ تەنها بۆ لیستی حیزب بدات.[19] لە1948 وە تا 2003 کە دوا هەڵبژاردن کراوە شانزە سەرەک وەزیر هاتونەتە سەر حوکم و کابینەیان پێکهێناوە،یەکەم سەرەک وەزیرانی ئیسرائیلی(بن گۆریۆن) بوە، ئەوەی ئێستاش (ئەرێل شارۆن)ە.[20]

لەڕوی بەڕێوەبردنەوە دابەشی سەر شەش ناوچەی دەکرێ کە بە(محوزوت) ناسراوە: ناوەڕاست،حەیفا،قودس،کەنار باکوور،کەناری باشوور،تەلئەبیب.لەم وڵاتە کەنیسەت دەستەی باڵای یاسا دانانە.سەبارەت بە دەستوریش پاش54ساڵ بێ دەستوری لەکۆتایی ساڵی2002 پرۆژەی دەستوری وڵات خرایە بەردەم کەنیسەت،لەکۆتای2004 پەسندکرا،ئەگەرچی پرسیاری زۆر سەبارەت بەم دەستورە لەلایەن عەرەبەکان و ناوەندەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ لە ئارادایە،بەڕای ئەوان دەستەواژەی پەسندکرانی ئەم دەستورە بە ئیجماع تەنها جوە زایۆنیەکان دەگرێتەوە جوە حەرادیمی و توندڕەوەکان،موسڵمان،فەلە و دورزەکان ناگرێتەوە.ماوەی ئەم54 ساڵەش ئەم کەماسیەیان لە هەندێ بواردا بەهۆی دەستووری ڕاگەیاندی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسڕائیلی1948،یاساکانی سەرەکی پەرلەمان و یاسای ڕەگەزنامەی ئیسڕائیلی کە تێکەڵاوێکە لەیاسای گشتی ئینگلیزی،پاشکۆکانی ئینتدابی بەریتانی، ڕێنمای و بڕیارەکانی ڕێکخراوە یاساییەکانی تایبەت بە بواری باری کەسایەتی ئاینی جولەکە،موسڵمان و مەسیحیەکان پڕ دەکردەوە.[21]

ئیسڕائیل ئەندامە لە نەتەوە یەکگرتوەکان ،بەڵام لە ک-یەکەمی1985 بە ئەمانەتی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکانی ڕاگەیان کە پابەند نیە بە دەسەڵاتەکانی یاسای تایبەت بە دادگای عەدلی نێودەوڵەتی.سیستەمی دادوەریان پێکدێت لە دو جۆر دادگا:دادگای علمانی و ئاینی. دەستەی دادوەرانی دادگای باڵا نوێنەرایەتی سیستەمی دادوەری دەکات،ئەم دادوەرانەی لەم شوێنە کاردەکەن لەلایەن سەرۆکی وڵاتەوە دادەنرێن و ئەندامەکان تا لە ژیان بن لەو پۆستە دەمێننەوە.[22]پارت و گروپە سیاسیەکانی ئیسڕائیلی لەهەمو خولێکی هەڵبژاردندا گۆڕانکاری گەورەیان لە پێکهاتەی سەرکردایەتی،ڕێکخستن و هاوپەیمانێتی نوێدا تێدەکەوێ،زۆربەی جاریش لە شێوەی تەکەتول و ئیئتلافەوە دێنە ناو بازنەکانی حوکم.

**دابەش بونی پارتە سیاسیەکانی ئیسڕائیل**:

پارتە علمانیە ئیسڕائیلیە جوەکان ئەمانەن:کار،لیکۆد،یاحد(کۆن میرتس)، شینوی، ناوەڕاست(مرکز)،ئیسڕائیل بعلیا،یسڕائیل بیتینۆ، یەکێتی نەتەوەیی، یەک گەل.ئەو پارتە عەرەبیە علمانیانەی لەناو سنوری ئیسڕائیل دان:بەرەی دیموکراتی بۆ ئاشتی و یەکسانی،پارتی دیموکراتی عەرەبی،تەجەموعی نیشتمانیی دیموکراتی،بزوتنەوەی عەرەب بۆ گۆڕانکاری. پارتە ئاینیەکانیش دەکرێنە دووبەش:ئەوانەی باوەڕیان بە زایۆنیەت هەیە و لەگەل دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسڕائیلن:مفدال،میماد.ئەوانەی کە باوەڕیان بە زایۆنیەت نیە وەک حەرادیمە توندڕەوەکان.بالێکی تریشیان لەسەر بنەمای نەژادی-دینی پێکهاتون وەک:پارتی شاس،یەهودەت هەتورات و مفدال، بزوتنەوەی ئیسلامی (عەرەب-ئیسلام).ئەگەر لەڕوی ئایدیۆلۆجیشەوە دابەش بکرێن دەبن بە ڕاستڕە و چەپڕەو:ڕاستڕەوە ئاینیەکان:شاس،مفدال، یەهودوت هەتورات. ڕاستڕەوەعلمانیەکان:لیکۆد،یەکێتی نەتەوەیی،جیشر،یسڕائیل بعلیا،یسڕائیل بیتینۆ، چەپڕەوەکان:شینوی،کار،مەرکەز،یەک گەل،لیستی یەکگرتوی عەرەبی،بەرەی دیموکراتی بۆ ئاشتی و یەکسانی،تەجەموعی نیشتمانی دیموکراتی، بزوتنەوەی عەرەبی بۆ گۆڕانکاری.

**پارتی کار**: [23]

پارتی کار یەکێکە لەو پارتە کۆنانەی ئیسڕائیل بەدرێژای سەدەی بیستەم و ئەم سەدەیە لە ناو جوەکاندا بونی هەبوە، ئەم پارتە درێژە پێدەری ڕێکخراوی(مابای)ە کە لەساڵی(1930)لەلایەن بزوتنەوەی کرێکاران و لاوانی زایۆنیە بەڕەچەڵەک ڕوسەکان دامەزرابو،ئەم حیزبە دەستەو گروپی کرێکاری و چەپی دەگرتەخۆ،دوای زەنجیرەیەک یەکگرتنەوە و جیابونەوە لە مابای (معراخ)یان لە1969پێکهێنا، دواتریش لە1988بون بە(پارتی کار)،یەکێ لەدەستەی دامەزرێنەرانی(بن گۆریۆن)ی یەکەم سەرەک وەزیرانی ئیسڕائیلی بوە.[24]ئەم حیزبە ڕۆلێکی گەورەی لەناو بزوتنەوەی زایۆنی جیهانی و سەندیکای گشتی کرێکاران(هستدرۆت)هەبوە.دو ڕێکخراوی سەربازیان بەناوی(هاگانا و بالماخ)دامەزراندبو.[25]سەرۆکی ئێستاشی (شەمعون پیرزە)ە بە پارتی کۆترەکان ناسراوە،کەچی سەرجەم شەڕەکانی عەرەب-ئیسرائیل لە کاتی دەسەڵاتدارێتی ئەو ڕویداوە.

لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسڕائیلەوە تا ئێستا کە شانزە حکومەت و سەرەک وەزیران لە ئیسڕائیل هاتونەتە سەر حوکم،لەوانە(10)جار بەر پارتی کار دەکەوێ،لە قۆناغی(مابای)دا پێنج جار،لە(معراخ)دا دو جار و لە قۆناغی(پارتی کار)یش سێ جار.[26]ئەم حیزبە هەر لەگەل دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسڕائیلەوە لە 1948 ڕا حوکمی ئیسڕائیلی کردوە تاساڵی1977، پاشان لە ڕێگای ئیئتیلافەوە لەگەل لیکۆد لە1984 تا 1990 بەشداری حکومەتی کردوە،ئیتر لە1992-1996بەتەنها حوکمەتی پێکهێنا،لەساڵی 1996بۆوە پارتێکی بەرهەڵستکار،لە1999جارێکی تر توانی بێتەوە سەر حوکم،(یەهود باراک)یش بێتە سەرەک وەزیران،بەڵام لە ئاکامی شکەستە گەورەکەیان لەساڵی2001 کە(17)کورسیان هێنا،وایکرد پارتی کار وەک پارتێکی بەرهەڵستکاری

کەنیسەت بمێنتەوە،لە پێکهاتەی ئەو حکومەتەی لە دوای هەڵبژاردنەکانی(2003)پێکهێنرا وەک حیزبێکی بەرهەڵستکاری قەبارە گەورەی خاوەن(19)کورسی تا سەرەتای مانگی یەکی2005مایەوە. 27

مابای بە پشتیوانی سەندیکای کریکاران و چالاک بوونی هێزە چەپ و سۆشیالستەکانی ئەوسا،لاوازی هێزە ڕاستڕەو و ئاینیەکانی ئیسرائیلی تاساڵی 1969توانیبوی سەنگ و دەسەلاتی خۆ بپارێزێ،لەساڵی1949-1969(پارتی کار) لەقۆناغی مابای بەشداری لە کەنیسەتدا بەم شێوەیە بووە:لە1949دا (46)کورسی، لە1951دا (45) کورسی، 1959دا (40) کورسی لە 1961دا (42)کورسی،لە1965یش(45) کورسی هەبووە،کاتێ مابای هەستی بە بەهێز بونی هێزە ڕاستڕەوەکان کرد،زۆربەی هێزە چەپەکان کەوتنەوە یەک سەنگەر و معراخیان دامەزراند،پاش ئەوەی لەساڵی1969 کە تەجەموعی مابای بوو بە تەجەموعی (معراخ) ژمارەی کورسیەکانی بەم شێوەیە بەرز بۆوە: لەهەڵبژاردنی ساڵی 1969ی (54) کورسی،لە1973دا (51) کورسی،بەڵام کاریگەری شەری1973 ئیسرائیل-عەرب وایکرد هێزە سیاسیە چەپەکان ئیسرائیلی توشی پەرتەوازەیەک ببن،لەبەرامبەردا هێزە ڕاستڕەوەکان بکەونە خۆ بۆ یەکخستنی ریزەکانیان ئەمەش وایکرد لە1977دا تەنها(32) کورسی بهێنن،ئیتر لە دوای ئەم هەڵبژاردنەوە بوو بە حزبێکی بەرهەڵستکار، بەڵام لەساڵی1981دا توانیان بە(47)کورسی سەرکەوتن بەدەستبێنن، لەساڵی1984ش (44)کورسیان هێنا،لەڕێگای حکومەتێکی ئیئتیلافی لەگەل لیکۆد بەشداری حوکمیان کرد،دوای ئەوەی لەساڵی1988بەناوی(تەجەموعی کار)بەشداریان لە هەڵبژاردنەکان کرد،توانیان(39) کورسی بەدەستبێنن،ئیتر هەر بەم ناوەش ناسران،لەسالی1992یش دەنگی(44) کورسیان مسۆگەر کرد، لە1996دا(34) کورسیان بردەوە،28 لەو هەڵبژاردنەدا بۆ یەکەم جار ڕاستەوخۆ پڕۆسەی هەڵبژاردنی سەرەک وەزیران هاتە ئاراوە،بەر لەم مێژوە سەرەک وەزیرانی ئیسرائیل لەبەر ڕۆشنای بەرەنجامی دەستکەوتی لیستە بەشدار بوەکان دیاری دەکرا.پارتی کار لە هەڵبژاردنەکانی1999دا بەلیستێکی هاوبەش لە ژێر ناوی(ئیسرائیل یەکە)لەگەل بزوتنەوەی (جیشر)و (میماد) بەشداری لە هەڵبژاردن کرد.29لەساڵی2001پارتی کار لە بەرامبەر پارتی لیکۆد بە سەرۆکایەتی شارۆن دۆڕاندنی.پاش ئەم دۆڕاندنەیان(پارتی کار)بەڕابەرایەتی(بنیامێن بن ئەلعازەر) بەشداری لە حکومەتە ئیئتلافیەکەی لیکۆد و پارتە ڕاستڕەوەکانی تر کرد، بەمەش بەشێوەیەکی پڕاکتیکی(پارتی کار) کاراکتەری بەرهەڵستکارانەی خۆی لەو رۆژەوە لەناو پەرلەمان لە دەستدا.پارتی کار لە30ت.یەکەمی2002 لەو حکومەتە ئیئتلافیە کشایەوە، لەجێگای(بنیامێن بن ئەلعازەر)(عەمرام متنسناع) بوە ڕابەری تازەی ئەم حیزبە،بەم هەنگاوەش جارێکی تر بۆوە بە پارتێکی بەرهەڵستکاری ناو کەنیسەت،بەڵام لە مانگی ک-دوەمی2005 لەگەل کتلەی(یەهودت هەتورات)ی ئسولی چونە پاڵ حکومەتەکەی ئێستای لیکۆد، بەشداریان لەحکومەتێکی لاوازی مەرجدار(کە شارۆن سەرەک وەزیرانە)کرد.گرنگترین ئامانجەکانی پارتی کار:پاراستنی پێکهاتەی دیموکراتی حکومەتەکانی ئیسرائیلی.چاککردنی باری ژیانی کۆمەلایەتی و ئابووری بۆ گەلی ئیسرائیل.بەهێزکردنی ئابووری ئیسرائیل لەسەر بنەمای بازاڕی ئازاد. کارکردن بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتی.30

**لیکۆد:**

لەساڵی1973 لەئاکامی هاوپەیمانیەک لە نێوان پارتی حیرۆت و ئازادیخوازان و ئەو بنکە جەماوەریە جوە ڕۆژهەلاتیانەی کە دژی سیاسەتی پارتی کار بون بەمەبەستی شکاندنی تۆقی پاوانکردنی دەسەلات لە لایەن پارتی مابای و معراخی کۆن و پارتی کاری ئێستا دامەزرا،هەروەها لەساڵی1985بەهۆی پرۆسەی گونجاندنی پێکهاتەکانی ئەم تەکەتولە و تواندنەوەی ریکخستنەکانیان لەناو یەک قالبی ڕێکخستن،لیکۆد توانی ببێتە حزبێکی بەتوانای ململانیکەری پارتی کار.31هێزە سەرەکیە ڕاستڕەوە محافزەکارەکانی ئیسرائیلی بە ڕابەرایەتی پارتی حیرۆت هاوپەیمانێتی(لیکۆد)یان دامەزراند،لەساڵی1974بەیەک لیستیی هاوبەش لەو هەڵبژادنە بەشداریان کرد(39) کورسیان بردەوە،بەڵام نەیان توانی کابینە پێکبهێنن،ئیتر لەو رۆژەوە لیکۆد لە نێوان حزبێکی حاکم و بەرهەڵستکار جۆلانە دەکات.

حیزبی(حیرۆت)ڕەگورپیشەی دەگەڕێتەوە بۆ پارتی چاکساز(ڕیفۆرمەیشن)کە لە 1925 بە ڕابەرایەتی(جابوتنسکی)ی بەڕەچەڵک پۆلەندی دامەزرا بوو،ئەم حیزبە لە ژێرکاریگەری ڕەوتی نازیەکان دابوە،باوەڕی بە مەزنی و تایبەتمەندێتی گەلی جولەکە هەبوە،زیندو کردنەوەی کەلتوری ئەم گەلەی بەکاری پێویست و سەرەکی دەزانی.دوای مردنی جابونتنسکی لە1940(مەناحم بیگن)بو بەسەرۆکی حیزب. (بێگن)بەخۆی و ڕێکخراوە سەربازیە نەتەوەییە بە تواناکەی بەناوی(ئاتسل)کە کەسایەتیەکی سەرەکی بو لەناو حیزبی چاکساز.32شایانی باسکردنە حیرۆت بە درێژای ئەو ماوەیە تا ساڵی1977 نەیتوانی تەنها جارێکیش حکومەت پێکبهێنێ،دوای پێکهێنانی لیکۆد لە هەڵبژاردنەکانی1973 بەناوی هاوپەیمانێتی لیکۆد گۆڕانکاریەکی بەرچاوی لە ژیانی سیاسی ئەندامان و سەرکردەکانی حیرۆت ڕویدا،بەم هەنگاوەیان توانیان رێژەی کورسیەکانیان زۆر باش

بەرزبکەنەوە(بۆ39کورسی)،لەگەل ئەوەشدا نەیان توانی ببنە حیزبی حاکم،بەلاّم لەساڵی1977 واتە لە خولی تری هەڵبژاردنی کەنیسەتی پاش دامەزراندنی تەکەتولی لیکۆد توانیان43 کورسی بەدەستبێنن،بۆ یەکەمجاریش بە سەرۆکایەتی(مەناحم بێگن)لە1977–1983 حوکمی ئیسرائیلیان بکەن.[33]ئەگەر بەراوردێکی خێرای ئەم ژمارانەی خوارەوە بکەین،تێبینی دەکەین حیرۆت:لە یەکەمین هەڵبژاردن لە1949دا تەنها (14) کورسی هێنا بوو،لە1951دا (8) کورسی،لە1955دا (15) کورسی، لە1959دا (17) کورسی،لە1961دا (17) کورسی، لە1965و1969شدا لەژێر ناوی هاوپەیمانێتی (جاحال)بەشداریان کرد(26)کورسیان هێنا،بەلاّم کاتێک زۆربەی حیزبە ڕاستڕە و پارێزەرەکانی ئیسرائیل بە یەک تەکەتول بەشداریان لە هەڵبژاردنەکانی1973کرد توانیان(39)کورسی مسۆگەربکەن،لە 1977یش(43)کورسیان هێنا،بۆ یەکەمجار توانیان حکومەتێکی لیکۆدی بە سەرۆکایەتی بێگن پێکبێنن، لە1983یش(48)کورسیان هێنا،توانیان تا 1984 حکوم بکەن، بەلاّم جارێکی تریش لە1984بەرامبەر(پارتی کار)شکەستی هێنا،ئەگەرچی (41) کورسیشی هێنابو،لە1988بە(40)کورسی،لە1992 بە(32)کورسی لەگەل پارتی کار بەشداری حکومەتێکی ئیئتلافی کرد،ئیتر لە پاش ئەم هەڵبژاردنە لە حکومەتدا نەما. لە1996جارێکی تر(لیکۆد)دەسەلاّتی گرتەوەدەست،ئەوەش لەڕیگای هاوپەیمانیەک بو لەگەل حیزبە ڕاستڕەوە توندڕەوەکان و پارتە جولەکە ڕۆژهەلاّتی و ئەڵمانەکان کە ڕۆلی بەرچاویان لەم سەرکەوتنەدا بینی،لەو لیستە هاوپەیمانیە حزبی (جیشر) و(تسومت)بەشداریان کردبوو،[34]بەو هاوپەیمانیەی نێوان ئەو حیزبە ڕاستڕەوانە (پارتی کار)شکەستی لەو هەڵبژاردنەدا هێنا،ئیتر(ئیسحاق شامێر) بوە ڕابەری حیزبی لیکۆد دواتر (بنیامێن نەتانیاهۆ).ئەم گۆڕانکاریانە لە کەسایەتی سەرۆکی حیزبی لیکۆد لە1999دا دادی نەدان کەوا لە( ئیهود باراک)ی ڕکانبەری بباتەوە، بەلاّم ئەم سەرکەوتنەی باڕاک زۆری نەخایاند لە هەڵبژاردنەکانی2001دا پالێوراوی لیکۆد (ئارێل شارۆن) بەزۆرینەی دەنگ سەرکەوتنی بەدەست هێنا،بەمەش لیکۆد بۆوە گەورەترین حزبی نێو ئیئتلافی حزبە ڕاستڕەو و ئاینیەکانی حاکم لە دوای هەڵبژاردنەکانی2001دا.[35]لە هەڵبژاردنەکانی خولی شانزەم لە28ک–دوەمی 2003دا 40کورسی هێنا،یەکەمجار لەگەل پارتی شینویّ علمانی لیبڕال حکومەتێکی ئیئتلافی پێکهێنا،دواتر ئەم ئیئتلافە هەڵوەشایەوە.لە سەرەتای ک–دوەمی2005لە ئیئتلافێکی زۆر بێهێز و مەرجدار بۆ ماوەی سیّ مانگ لەگەل پارتی کار و کتلەی(یەهودت هەتورات)ی ئسولّی پێکهێنا،ئێستای شارۆن سەرەک وەزیرانە،ئەم حکومەتە لە 65ئەندام لەسەرجەم120 ئەندامی پەرلەمان پێکهاتوە.گرنگترین ئامانجەکانی: ئیسرائیل دەبیّ لەهەمو سەرزەمینی مێژوینی ئیسرائیلی مافی هەبیّ.ئاشتی لەگەل عەرەب لەڕێگای دانوستاندنی ڕاستەوخۆ ئەنجامبدریّ.درێژەدان بە پرۆسەی نیشتەجێکردنی جولەکە بە شێوەیەکی بەرفراوان لە هەمو سەرزەمینی ئیسرائیلی ئازادکراودا. تەئکیدکردنەوە لەسەر ئابوری ئازاد،سنوردانان بۆ دەست تێوەردانی دەوڵەت.تا ئێستاش ڕابەرەکانی لیکۆد ئەو کەسانەن کەلە حیرۆتەوە هاتون وەک:مەناحم بێگن،ئیسحاق شامێر،دیڤد لیفی،موشیّ ئارنیز،ئارێل شارۆن.

**شومری تورات سفاردیم(شاس):**

شومری تورات سفاردیم(شاس) واتە (پاسەوانە ڕۆژهەلاّتیەکانی تەوڕات)،لە1984 بەسەرۆکایەتی هاخام(ئوفادیان یوسف) و ئەو جوە ڕۆژهەلاّتیە سەفاردیمیانە دامەزراوە کە لە پارتی(ئەغودات یسرائیل)ی ئاینی توندڕەوەی نازایۆنی جیابوبونەوە.هۆکاری ئەم جیابونەوەش ناگەڕێتەوە بۆ کێشەی سیاسی یان ئاینی ڕوت،بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ هەستکردنی (سەفاردیمیەکان) بەزوڵم و چەوسانەوەیان لەلایەن جوە ڕۆژئاوایە ئەشکەنازیەکان.[36]جوە ڕۆژهەلاّتیەکان لەسایەی ئەو پارتە سیاسیانەی کە جوە ڕۆژئاواییەکان تیایدا بالاّدەست بوون نەیان دەتوانی هیچ پۆستێکی سیاسی گرنگ وەربگرن، مەبەستی سەرەکیان لەم جیابونەوە پرۆتستۆکردنی بالاّدەستی جوە ڕۆژئاواییەکان بوو.ئەم حیزبە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی1984 توانیان بە(4) کورسی بۆ یەکەم جار بەشداری کەنیسەت بکەن،بەلاّم بە شێوەیەکی بەرچاو ڕێژەی نوێنەرەکانی لە خولەکانی تری هەڵبژاردن بەرز دەبۆوە،لە1988 و1992دا شەش کورسی، لە1996 گەیشتە دە کورسی،پاشان لە1999بووە بە17 کورسی،بەلاّم لە هەلبژاردنەکانی 2003 ژمارەی کورسیەکانی نزم بووە بۆ11 دانە.شاس لە1984 تا حکومەتەکەی2003بە بەردەوامی بەشداری هەموو حکومەتەکانی کردوە،لە حکومەتی یەکەمی شارۆن(لە2003)بەهۆی فشاری پارتی شینوی علمانی شارۆن بەشداری بە شاس نەکرد،هەروەها لە حکومەتەکەی ئێستای شارۆنیش بەشدار نەبوە.[37]ئەو هۆکارانەی وایانکرد (شاس) وا بەخێرایی گەشەبکات دەگەڕێتەوە بۆ:بێهیوا بونی جوە ڕۆژهەلاّتیە (سەفاردیمیە)کان لە نوێنەرایەتی حزبەکانی تایبەت بە جوە ڕۆژئاواییە (ئەشکەنازیە)کان.کرانەوەی (شاس) بەڕوی جەماوەر و خۆ نەبەستنەوەیان تەنها بە ڕەوەندی جوە حریدیەکان،هەروەها سەرکەوتنی حیزب لە پێشکەش کردنی باروبۆ لە بواری کۆمەلاّیەتی و خوێندن بە

جەماوەری جوە رۆژهەلاتیە بێبەشەکان.سود وەرگرتن لە ململانێی نێوان علمانیەت-ئاین و جوە ئەشکەناز-سفاردیمیەکان.خۆ نیشاندانیان وەک حزبێکی مامناوەندی پراگماتی.بەشداریکردنیان لە هەموو حکومەتە راسترە و چەپرەوەکان بەمەبەستی پاراستنی پلە و پایەکەیان.(شاس)حزبێکی ئاینی جولەکەیی رۆژهەلاتی راسترەوە،سەرۆکی روحیان هاخام(ئوفادیان یوسف)ە،بەلام سەرۆکە سیاسیەکەیان (ئیلی یشای)ە،بزوتنەوەی(شاس)هەلگری بیرۆکە (ئاینی - ئیتنی)ە،زیاتر تایبەتە بەو جوە رۆژهەلاتیانەی کە لە مەغریبەوە هاتوون. 38

شاس لە رێگای ئیتیلافی فەرمانڕەوای1992دا بەشداری حوکمی کرد،بەلام دواتر خۆی لەم کابینەیە کێشایەوە،کە کشاوەش نەچوە پال حیزبە بەرهەلستکارەکانی ناو پەرلەمان،پشتیوانی لە دەنگدانەکانی ئەو حیزبە بەرهەلستکارانە نەدەکرد کە باوەریان بەو حکومەتە نەبو،لەدوای هەلبژاردنەکانی پەرلەمان لە1999 بوە هێزی ئاینی یەکەم و سیاسی سێیەم لە سەرانسەری ئیسرائیل.لەهەلبژاردنەکانی شارەوانیش رێژەی22%ی دەنگەکانی هێنا،بەمەش بوە گەورەترین حزب لە هەلبژاردنەکانی شارەوانی.حزبی شاسی سەربە سەفاردیە بەدینەکانە،لە ناوچەی ناوەراستی (جەلیلی سەرو)چالاکن، لە ئاکامی ئەو کارە خزمەتگوزاریانەی کە بۆ گوندەکانی جەلیلی سەرو کردویانە توانیویانە چەندین دەنگی عەرەبەکان بۆ خۆیان کێش بکەن.39ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کاتێ بوارەکانی ژیان بۆ مرۆڤ ئاسان بکرێت دەکرێت دولایەنی دژ بەیەکیش پێکەوە هەلبکەن.

**یسرائیل حفراتیت دیموقراتیت( یاحد):**

(یاحد) واتە کورتکراوەی (ئیسرائیلی کۆمەلایەتی دیموکراتی)ە،لە بەهاری 2004 ئەم حیزبە دامەزراوە،بەر لەم مێژوە بەناوی(میرێتس)ناسرابو،لەرستیدا مێژوی دامەزراندنی دەگەرێتەوە بۆ سالی1974 کاتێ(شولامیت ئەلونی)40ئەم بزوتنەوەی لە ژێرناوی بزوتنەوەی(راتس) دامەزراند،لەخولی هەشتەمی پەرلەمان1974،لەخولی نویەمی1977 و دەیەم لە1981بەیەک ئەندام کە(شولامیت ئەلونی)بوو بەشداری کەنیسەتی کرد،بەلام لە خولی یانزەمدا لە1984ئەم نوێنەرایەتیەی لە پەرلەمان بۆ سێ ئەندام بەرز بۆوە،هەر لەم خولەدا دوو ئەندامی تریش لە لیستی ترەوە چونە پال لیستەکەی ئەوان،یەکیان(یەسی سەرید)بوو،بەم دوانەوە بونە پێنج ئەندام لە پەرلەمان. لەخولی دوانزەمیش لە1988دا توانیان هەر پێنج کورسیەکەیان مسۆگەر بکەنەوە.لە خولی دوانزەمین و سەروبەندی خولی سێزدەمی پەرلەماندا لە1992 بزوتنەوەی راتس و پارتی مابام کە تازە خۆی لە هاوپەیمانێتی پارتی کار کێشابۆوە(بەهۆی رازی نەبونی پێکهێنانی حکومەتێکی ئیئتلافی لەگەل لیکود) و پارتی شینوێی لیبرالی تەکەتولێکیان پێکهێنا بە ناوی(میرێتس) بەمەش ژمارەی ئەندامانیان لەخولی دوانزەمین بووە(10)ئەندام،لەخولی سێزدەمیش (لە1992) بۆ12ئەندام بەرز بۆوە.بەدرێژای ئەم ماوەیە(راتس)پاشان (میرتێس) بە حزبێکی ئەوپەری چەپی ئیسرائیلی دادەنرا،بەلام دوای رێککەوتنی ئۆسلۆ هەلوێستەکانی سەبارەت بە عەرەب ئاشکراتر بوو،لەگەل نەگەرانەوەی پەناهەندەکان و چارەسەرێکی هەمیشەیی کێشەی ئیسرائیل-عەرەب بوو، سەبارەت بە قودسیش لەناوخۆیاندا رایەکی یەکگرتوویان نەبوو.لە1996 ژمارەی ئەندامەکانی لە کەنیسەت بوە نۆ واتە سێ کورسی لە لە دەستدا، لە1999 توانی بەرزیکاتەوە بۆ دە ئەندام،بەلام لە هەلبژاردنەکانی خولی شانزەمدا لە2003 شکەستێکی خراپی خوارد،ژمارەی ئەندامانی دابەزی بۆ شەش نوێنەر،ئەگەرچی لەم خولەدا هاوپەیمانەتیشی لەگەل گروپی شاحر (فجر)ی (یەسی بیلین) جیابوە لە(پارتی کار)و پارتی چەپخواز(خەیاری دیموکراتی)بە سەرۆکایەتی(رۆمان بروفمان)هەبو.پاش ئەو هاوپەیمانەتیە تازەیە میرتێس ناوی خۆیان کردە(یاحد)،ئەو هاوپەیمانیە نوێیەیان توند و تۆلتر بوو،41لە هەلبژاردنی ناوخۆییان بۆ دیارکردنی رابەری حزب وەزیری پێشو(یوسی بیلین)بەسەر بەرامبەرەکەی(ران کۆهین)کەوت.42لە ناوخۆی ئیسرائیلدا چالاکیە سیاسییەکانی ئەم حیزبە بریتیە لە دوو تەوەر:حزبێکی سیاسی چەپی زایۆنی و علمانیەکی دژ بە توندوتیژی ئاینیە، لەهەردو تەوەردا لەگەل نەیارەکانی روبەروی ململانێ دەبێتەوە و نایەلن ئەم حیزبە بە ئاسانی گەشەبکات.

میرێتسی کۆن،"یاحد"ی ئێستا بە حیزبی کۆترەکان ناسراوە،بزوتنەوەیەکی چەپرەوە،لە1999 پارتی شنینوی لە میرێتس جیابۆوە بەتەنها بەشداری هەلبژاردنەکان کرد،میرێتس 10کورسی لەم هەلبژاردنە بەدەستهێنا،بۆ یەکەم جار کورسیەکی بۆ ژنە پەرلەمانتاری بەرگەز عەرەب(حوسنیە جبارە)تەرخان کرد،ئەم حیزبە لەلایەن(یوسی سەرید)رابەرایەتی دەکرا،سەرەکیترن ئامانجیشی پاراستنی کاراکتەری علمانیەتی لیبرالی ئیسرائیلە.باوەری تەواویشی بە یەکسانی عەرەبی48 و ئیسرائیلیەکان هەیە لە ناو ئیسرائیلدا، هەر لەبەر ئەوەش ململانێ لە نێوان ئەم حیزبە و حیزبە ئاینیەکانی ئیسرائیل بە تایبەتی بزوتنەوەی شاس توندی بە خۆوە بینوە.43هەر سێ پارتەکەی میرێتسیان پێکهێنابو سێ پارتی مارکسی بون،کە لەهەموو پارتەکانی تری ئیسرائیلی چەپرەوتر بون،ئامانجی یاحد(میرێتس) بریتیە لە:پشتیوانی کردن لە بنەماکانی مافی مرۆڤ،مەدەنیەت،یەکسانی تەواو لە

نێوان سەرجەم تاکەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل و عەدالەتی کۆمەڵایەتی،هەروەها هەوڵدەدا ئاسایشی دەوڵەت ئیسرائیلی و بەهای مرۆڤی زایۆنی بپارێزێ،پشتیوانی لە مانەوەی سنوری1967 ئیسرائیل دەکات وەک خۆی،هەروەها دان بە مافە نەتەوییەکانی فەلەستینیەکانیش دەنێ لە زیفەی رۆژئاوا و کەناری غەزە، (یاحد) نوێنەرایەتی چینی رۆشەنبیر و مام ناوەندی دەکات بەشێکی باشیش لە ئەندامەکانیان (کیبوتزات)ن.44

**پارتی یەک گەل**:

لەلایەن سەرۆکی سەندیکای گشتی کریکاران(هستدروت) عەمیر برتس و یەکێ لە ئەندامانی کەنیسەتی 1996ی سەر بە پارتی کار دامەزراوە،ئەم حیزبە بەمەبەستی بەرگری کردن لە بەرژەوەندی کرێکاران،لە رۆژگارێک ئیسرائیل بە نیازە خۆ بگونجێنێ لەگەل دنیای عەولەمە و کەرتی تایبەت دامەزراوە، توانی لە هەڵبژاردنەکانی1999 دوو کورسی بەدەست بهێنێ.پاش بێئومێد بون لەوەی کە پارتی کار یان پارتەکانی تایبەت بە جوە بە رەگەز روسەکان نوێنەرایەتیان ناکەن،هەندێ لە جوە فلاشەکانی ئەسیوبیا چونە ریزی ئەم حیزبە.45

**یسرائیل بعالیا**:

لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکانی1996 ئەم حیزبە لە لایەن(ناتان چارانسکی) دامەزرێنرا،46ئامانجیش لە دامەزراندیدا ئەوە بوو کە بتوانێ بەرگری لە رەوەندی ئەو نیو ملیۆن جوە بەرەگەز روسانە بکات کە زۆربەیان لەدوای کۆتای هاتنی جەنگی سارد رویان لە ئیسرائیل کردبو،فاکتەری سەرەکیش ئەوە بوو لیکۆد و کار نەیان توانی بوو ئەم خەڵکە بگرنە خۆیان و ببن بەنوێنەری راستقینەیان.لەئەکامی جیاوازی زمان،کەلتور و زۆربونی ناعەدالەتی و رەگەزپەرستی مستەوتەنە کۆنەکان دژی ئەم رەهەندە،ئەم جوە بە رەگەز روسانە کێشە زۆریان بۆ ئینتگراسی کردن لە بواری سیاسی و کۆمەلایەتی روبەروبۆوە،رۆژانە کێشەکانیان روی لە زیادی دەکرد.ئەم حزبە لە هەڵبژاردنەکانی1996توانی(7)کورسی بەدەسبهێنێ،لە1999ش (6) کورسی هەر چەندە لەگەل حزبی یسرائیل بیتینۆی توشی بەربەرەکانی بۆوە،بەلام ئیسرائیل بعلیا توانی تارادەیەک باش سەنگی خۆی بپارێزێ،47 هۆیەکەشی دەگەرێتەوە بۆ ئەوە خالآنە:بعلیا نوێنەرایەتی هەمو ئەو جوانە دەکات کە بە رەچەڵەک روسن،هەرچی بیتینۆیە تەنها نوێنەرایەتی ئەو جوانە دەکاتن کە لەو ولآتە ئیسلامیانەی سەر بە یەکێتی سۆڤیەتی پێشو بونە.کۆمەڵگای جوە روسەکان لەناو ئیسرائیل کۆمەڵگایەکی داخراوە،ئەمەش وایکردوە رێژەیەکی چەسپاوی دەنگەکان بۆ بعلیا مسۆگەر ببێ.کۆتای نەهاتنی کۆچی جوە روسەکان بۆ ئیسرائیل.نەبونی ململانێی ناوخۆیی لەنێوان لایەنە علمانی و بەدینەکانی ئەم رەهەندە.لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە(کاتێ کە پارتی شاس تیایدا باڵادەست بوو)ئەم حیزبە تەگەرەی زۆری لە بواری ئینتگراسی کردن بۆ دروست دەکرا،ئەمەش وای لەو رەهەندە کرد کە بیر لە هاوکاری و هاوپەیمانێتی تازە بکەنەوە بۆ دژایەتی کردن و دانانی سنورێک بۆ باڵادەستی جوە بەدینەکانی رۆژئاوایی بە تایبەتی حەرادیمیەکان لە ژیانی سیاسی ئیسرائیلی،48لەهەڵبژاردنەکانی1999مەرجی سەرەکیان بۆ هاوکاری کردنی یەهود باراک ئەوەبو کە دەبێ پۆستی وەزارەتی ناوخۆیان بدرێتێ، ئەمەشیان بۆ چوەسەر.سەبارەت بە عەرەب لەگەل نەمانی مستوتەنەکان نینە و لەم بارەیەوە توندرەون،دەلێن:کاتێ دەبێ دانوساندنیان لەگەل بکرێ،کە ولآتانی عەرەبی گۆرانکاری دیموکراتیان بەخۆوە بینی،ئەم هەلوێستەشیان بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە زۆربەیان لە نێو سنوری ئەو خاکەن کە لە1967 داگیرکراوە و دەشیان هەوێ بەو هەلوێستەیان خۆ لە جوەکانی تر نزیک بکەنەوە و پرۆسەی ئینتگراسیشیان گەشەپێبدەن.جوە بەرەگەز روسەکان جەماوەری سەرەکی ئەم حیزبە پێک دەهێنن، ئەم حیزبە تایبەتە بە بەشێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو،سەرۆکی ئەم حیزبە کە (ناتان چارانسکی)یە،کەسایەتیەکی ناسراوی ناو رەهەندی جوە بەرچەڵەک روسەکانە، مێژویەکی کۆنی لە چالاکی زایۆنیەت لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشو هەیە،لەئاکامی ئەو چالاکیانەی10ساڵ زیندانی کراوە.لەماوەی نێوان ساڵی1989-1999دا نزیکەی750 هەزار جو لە روسیاوە هاتونەتە ئیسرائیل،لە هەڵبژاردنەکانی1996 نزیکەی40هەزار ئیسرائیلی بەرەگەز روس دەنگیان بۆ ئەم حیزبە داوە،رێژەی 13%ی دەنگدەرانی پێکهێناوە.49لە هەڵبژاردنەکانی1999دا رێژەی دەنگدەرانی ئەم حیزبە کەم بۆتەوە، ژمارەی ئەندامەکانی لە پەرلەمان دابەزی بۆ(4)کەس،ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ ئەو ململانێیە توندەی نێوان ئەم حیزبە و حیزبی(یسرائیل بیتینۆ) هەبوە.حیزبی یسرائیل بیتینۆ حزبێکی راسترەوی روسی توندرەوە بە رابەرایەتی(ئەفیفیدور لیبرمان)ە.

**پارتی میماد**:

لەسەروبەندی هەڵبژاردنەکانی1988هاخام(یهودا عەمیتال)بەرێوەبەری گشتی خوێندنگا ئاینیەکان لە(ئالون یەشیفوت) لەگەل گروپەکانی ئاینی (ئازایەتی)، (ئاشتی لە پێناو ئاشتی)،(بەلێ بۆ قودسی یەکپارچە) کۆبۆوە و

ڕێککەوتن لەسەر دامەزراندنی حزبی میماد،بەمەبەستی هێنانەدی یەکسانی لەنێوان جوە رۆژهەڵاتی و رۆژئاواییەکان.50پشت زیاتر بەدەنگی ئەو جوە ڕۆژئاوایانە دەبەستێت کە بە ئینگلیزی قسە دەکەن. لەهەڵبژاردنەکانی1988,1992,1996 دەنگی پێویستی نەهێنا بۆچونە ناو کەنیسەت،تا لە هەڵبژاردنەکانی1999 لەگەل (پارتی کار) و (بزوتنەوەی جیشر)بەیەک لیست دابەزین،بەگوێرەی ڕێککەوتنی نێوانیان کورسیەکی لە کەنیسەت بەرکەوت.ئەم حیزبە کاردەکات بۆ ئەوەی جەماوەریکی بەدینی عەقلانی بۆ حیزبەکەی دروستبکات، ئەویش لە ڕێگای نزیک بونەوەی علمانیەکان وجوە بەدینەکان بەشێوەیەکی ژیرانە و میانگیری،ئامانجیشی لەوەدا پاراستنی کاراکتەری جوەکانی ئیسرائیلە.هەڵوێستە سیاسیەکانی زیاتر لە پارتی کار نزیکترە. سەرۆکەکەی نارحەتە لەو جەماوەرە بەدینەی جولەکە کە دەنگیان داوە بەڕاستڕەوەکان،ئەم ڕایەشیان بوە هۆی ئەوەی کەوا نەیارەکانیان والێکبدەنەوە ئەوان بەدینەکان بە توندڕە و دواکەوتو دادەنێن.ئەم پارتە لەو باوەرەدایە کەوا ئەو خاکەی ئیسرائیل لە شەڕی1967 بەدەستی هێناوە بەهەمان شێوە وەک سەرجەم سەرزەمینی ئیسرائیل پیرۆزە،ئەگەر بەرژەوەندی ئیسرائیل بخوازێ پێویستە لە ژێر دەستی بمێنتەوە ئەگەرنا با بۆ خاوەنەکانی بگەرێتەوە.51

**پارتی یەکێتی نەتەوەیی:**

لە ساڵی 1999 لە ئاکامی یەکگرتنەوەی پارتی:مولیدت،حیرۆتی نوێ و تکوماهە دامەزراوە،ئەمانە نوێنەرایەتی جەماوەری ئەوپەڕی ڕاستڕەو و مستەتەنەکانی ئیسرائیلی دەکەن،باوەڕیان بە (هەموو سەرزەمیی ئیسرائیل پیرۆز)هەیە.لە هەلبژاردنەکانی1996 دژی نەتانیاهۆ وەستانەوە چونکە وای بۆدەچوون کە لە ڕاستڕەوی لایداوە،(بنی بێگنی) سەرۆکی پارتی حیرۆت سەرۆکایەتی ئەم تەحالوفەی کرد و خۆی بۆ سەرەک وەزیران بەرامبەر نەتانیاهۆ پاڵاوت،چوار کورسیان بەدەستهێنان. 52

**بزوتنەوەی جیشر(پرد):**

بەر لە هەڵبژاردنەکانی1996 کۆمەلێک کادیر و ئەندام لە لیکۆد جیابوونەوە، ئەم بزوتنەوەیان دروستکرد.ئەندامەکانی بەشێوەیەکی سەرەکی بریتینە لە جوە مەغریبیە علمانیەکان،(دیڤید لیفی)سەرۆکایەتی ئەم بزوتنەوەیە دەکات. لە هەڵبژاردنەکانی1996 لەگەل پارتی لیکۆد و تسومیت هاوپەیمانیەکیان پێکهێنا،پاشان لەم هاوپەیمانیەش جیابونەوە،لە1999 لەگەل پارتی کار و میماد لە ژێر ناوی (ئیسرائیل یەکە)هاوپەیمانێکی تریان دروستکرد،بەپێی ڕێککەوتنی نیوانیان توانیان سێ کورسی لە کەنیسەت بەدەستبهێن،بەمەش سەرۆکەکەیان پۆستی وەزارەتی دەرەوەی وەرگرت.53بیروباوەڕی ئەو بزوتنەوەیە لە لیکۆد نزیکە،بەلاّم زیاتر گرنگی بە کێشە کۆمەڵایەتیەکانی جوە رۆژهەڵاتیەکان دەدات،هۆی کارکردنیشیان لەگەل پارتی کار دەگەڕیتەوە بۆ یەک دەنگی هێزە چەپرە و ڕاستڕەوەکانی ئیسرائیلی لەسەر ئەوەی دەبێ لە ئایندە چارەسەرێکی گونجاو بۆ کێشەی فەلەستینیەکان دەستەبەربکرێ.

**پارتی ناوەڕاست:**

لەکاتی هەڵبژاردنەکانی1999لەلایەن (دان مریدور)ی جیابووە لە حزبی لیکۆد و ئیسحاق مۆردخای کۆنە وەزیری بەرگری لە حکومەتی نەتانیاهۆ دامەزراوە،54لیستی ناوی دامەزرێنەرەکانی پێکهاتوە لە کەسایەتیە دابڕاوە گرنگەکانی حیزبی لیکۆد کە حەزیان بە حوکمی نەتانیاهۆ نەدەکرد و ئارەزوی ڕوخانی ئەویان هەبو،مۆردخای کەدواتر بوە جێگری سەرۆکی حیزب(دان مریدور)بە ڕەچەڵەک لە کوردە جوەکانی کوردستانی عیراقە،دۆستێکی نزیکی(باراک)ە و نەتانیاهۆی بە مەترسی لەسەر دەوڵەتی ئیسرائیل دەزانی،بۆیە کاتێ هەستی کرد باڕاک دەردەچێ لە هەمان شەو پالآوتنی خۆی بۆ پۆستی سەرەک وەزیران ڕاگرت،لە ساڵی 1999 خۆی بۆ سەرەک وەزیران هەڵبژارد،لەخولی پانزەی کەنیسەت(6) ئەندامیان هەیە.(دالیا ڕابین)ی کچی سەرەک وەزیرانی پێشو (ئیسحاق ڕابین)یشیان لەگەلە55وەک بەناوەکەیەوە دیارە حزبێکە هەڵگری بیر وباوەڕی میانڕەوە، پشتیوانی لە پرۆسەی ئاشتی لەگەل فەلەستینیەکان دەکات.

**پارتی شینوی بۆ گۆڕانکاری:**

پارتی شینوی لەساڵی1974 دامەزراوە،لەساڵی 1992 چوّتە پالّ میریّتس و پاشان لە 1999 لەو حیزبە جیا بۆوە و بەتەنها بەشداری هەڵبژاردنەکانی کرد،ئەمەشی وەک ناڕەزایەک بوو لە سیاسەتی(یوسی سەرید)کە نەرمی لەگەل حیزبە ئاینیەکانی دەنواند،لەم هەڵبژاردنەدا توانی شەش کورسی بەدەستبهێنێ.شینوی لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا داوای دامەزراندنی حکومەتێکی ئیتلافێکی علمانی دەکرد،ڕازی نەبووبەوەی بەشداری لەحکومەتەکەی باراک

بکات،چونکە بەشداری بە حیزبە ئاینیەکان کردبو.56ئامانجی سەرەکی ئەم حیزبە دژایەتی کردنی بالادەستی حزبە ئاینیەکانی ئیسرائیلیە بەسەر ژیانی ئاسایی خەلک.شینوی لەهەردو هەلبژاردنەکانی1999 و2003دا وادەی دا کەململانێی هەڵبژاردن بکاتە شورشێکی علمانی لە ئیسرائیل،پاش 10ساڵ توندوتیژی ئاینی کە کاریگەری دابەزیوەتە ناو سادەترین بوارەکانی ژیانی هاولاتیانی ئیسرائیلی،بە جۆرێک هاخامەکان و ناوەندە ئاینیەکانی سەر بە جوە(حەرادیمەکان)کۆنترۆلی هەمو بوارەکانی ژیانیان کردوە، سەرمایەکی زۆریش لە دەوڵەت دەپچڕێننەوە بۆ دامەزراوەکانیان و جێبەجێکردنی بەرنامە ئاینیەکانیان.وایانکردوە هیچ حزبێ بێی ئەوان نەتوانن لە ئیسرائیل حکومەت پێکبهێنین.شینوی لە بەرنامەی هەڵبژاردنیدا بەلێنی دابو کە وادەکات زەواجی مەدەنی لە ئیسرائیل رێگای پێبدرێت،کۆتەکان بۆ ناسنامەی جو بون بەپێی پێوەری شەرعی کەم بکاتەوە.شینوی نزیکەی21 مانگ بەبێ بونی حزبە ئسولیەکان لەگەل لیکۆد لەسەر حوکم بوو نەیتوانی هیچ گۆڕانکاریەک لەو یاسایانە بکات،هەتا نەیتوانی وابکات هاتوچۆ لە رۆژانی شەممە و یەکشەممە بکاتە شتێکی ئاسایی، ئەگەرچی توانی وەزارەتی ئاینەکان و کۆمیتەکانی دینی لە هەندێ شار و شارەوانیەکان نەهێلی،بەلام بەرای شارەزایان ئەم هەنگاوە زیاتر لەمەر نەتانیاهۆ بوە و لیکۆد خۆی بەپەسەندی زانیوە بۆیە شینوی سەرکەوتوبوە.لیکۆد ئەم ئیئتلافەی لەگەل شینوی بە شتێکی کاتی دانەبو،چونکە لیکۆد هیچ کاتێ نایەوێ بە تەواوەتی پشت لە جەماوەرە بەدینەکەی ئیسرائیل بکات.57شینوی پارتێکی لیبرالی علمانی راسترەوە،سەرۆکەکەی رۆژنەماوانی بەتوانا و پارێزەری بەزاروەدو یوسف(تۆمی)لەبیدە،لە هەلمەتی هەلبژاردنەکاندا زۆر بوێرانە و بەتوندی دژی هاخامەکان کەوتە رەخنەگرتن و دوان.بزوتنەوەی شینوێ گروپێک بون لە پارتی کار جیابونەوە،لەساڵی1974بەسەرۆکایەتی پرۆفیسۆر(ئامنون رۆبنچتان)ئەم پارتەیان دامەزراند،رێکخراوێکی لیبراڵە پشتیوانی لە پرۆسەی ئاشتی،کەرتی تایبەت،ئابوری بازاڕی ئازاد دەکات.بنکە جەماوەریەکەی بریتیە لە چینی مامناوەندی جولەکە ئورووپاییە محافزکارەکانی شارە گەورەکان و دەور و بەری ئەو گەڕەکە گەورانەی کە دەولەمەندە جوەکانی لێ دەژین.

**یهودت هەتورات:**

لەئاکامی یەکرتنەوەی حزبی(ئەگودات یسرائیل)،(دیگل هەتورات) و(مۆریا) کتلەی (یەهودت هەتوڕات) لە سەروبەندی هەلبژاردنەکانی1992 دامەزراوە،58 دیگل هەتورات لە 1988 لە سەر چەند مەسەلەیکی عەقیدەیی و لاهوتی لە حیزبی ئەگودات یسرائیل جیابوە،بەلام بۆ روبەڕوبونەوەی مەترسی پارتی شاس کە نوێنەرایەتی جوە رۆژهەلاتیە نازایۆنیەکان دەکات یەکگرتنەوەی خۆیانیان بە پەسند زانی،چونکە رێژەی پێویست بۆ هەر نوێنەرێک لە کەنیسە لە1%ەوە بەرزبووە بۆ 1,5%،هەروەها مردنی هاخام مەندلیش هۆکارێکی تربو بۆ نەمانی هۆکاری بەردەوام بونی جیا بونەوەکەیان.لە1999دا پێنج کورسیان لە کەنیسەت هێنا، بەشداری حکومەتە ئیتیلافەکەیان کرد،بەلام لەبەر ئەوەی بەهۆی بۆچونە ئاینیەکانیانەوە دژ بە بون و دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیلین بەشداری هیچ پۆستێکی وەزاری نەبون،دواتر پۆستی جێگری وەزیریان وەرگرت بەهۆی بێرێزی حکومەت بەرامبەر رۆژی شەممە لە ئیئتیلافەکە هاتنە دەرەوە.سەبارەت بە لەبەرکردنی جلی سەربازیش لە رێزی جوەکانی سەر بە تایفەی (حەریدیم) هەمیشە کێشە لەنێوان حکومەتە علملنیەکان و ئەم حیزب هەیە.59 ئەم رێکخراوە باوەڕی بە دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستین هەیە لەسنوری سەرزەمینی1967،بەمەرجێ ئەم دەوڵەت خاوەنی چەک و سۆپا نەبێ.

حزبێکی ئاینی توندڕەوە،ئێستا لەلایەن(یەعقوب لیچمان)و (ئەبرەهام ڕبیتس) ڕابەرایەتی دەکرێت،ئەم سێ حیزبەی ئەم کتلەیەیان پێکهێناوە حیزبی ئاینی بون، چالاکیان لە ئەمریکا و-ئەورووپا-ئیسرائیل هەبو،سەرۆکەکەیان (ڕابی شاش)ە.ئەم رێکخراوە لەهەلبژاردنەکانی2001دا(5)کورسیان بەدەست هێنا، یەهودەت هەتوراە (واتە جوولەکە تەوراتیەکان)لەو باوەڕەدانە کە بنەماکانی تەورات دەبێ سەرچاوەی سەرەکی بێ بۆ بەڕێوەبردنی ئیسرائیل لە ناوەوە و دەرەوەدا.ئەم رێکخراوە داوادەکات دەوڵەتێکی جوولەکە دابمەزرێ کە دەستورە ئاینیەکان بەرێوەی ببات نەک مەدەنیەکان،بنکەی جەماوەریشیان جولەکە بەدینە توندڕەوەکانن.

**مفدال:**

هەنگاوی یەکەم بۆ دامەزراندنی مفدال دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی1955 کاتێ لە ژێر فشاری رێکخستنەکانی هەردو حزب(مزراح)و(هەبوعیل مزراحی: کریکاری مزراحی) رێکخستنەکانی دەروەیان یەکیان گرتەوە،پاشانیش لەو کۆنگرەی کە لە هاوینی 1956 لەناوخۆی ئیسرائیل بەستیان دامەزراندنی (پارتی دینی نەتەوەی:مفلاغا داتیت لیئومیت) کە بە مفدال ناسرا لێکەوتەوە،60 ئەم حیزبە سەرەتا خاوەن هەلوێستێکی سیاسی-ئاینی میانڕەو بوو،بەلام دوای جەنگی شەش رۆژەی حوزەیرانی1967 گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی لە بیروباوەڕ و هەلوێستەکانی ڕویدا،لەحزبێکی میانڕەوەوە بوو بە حزبێکی توندڕەوی ڕەقەکار،مفدال توانی کۆمەلێک دامەزراوی

پەروەردەیی لە شێوەی خوێندنگای پیشەیی و ئاینی هەروەها بزوتنەوەی لاوان و ژنان دابمەزرێنێ، لە زانکۆی برئیلانی دینی باڵادەستە.چالاکی نیشتەجێکردنی زۆری هەیە،دەستی بەسەر کۆمپانیەکانی بیناسازی نیشتەجێکردنی جوەکان،دامەزراوە دارایی و بانکی داگرتوە.رۆژنامەیەکی رۆژانەیان هەیە بەناوی (هتسوفیە).ئەم حیزبە بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە مستەوتەنەکان دەبەستێ بۆیە جەماوەرێکی جێگری هەیە.دژی دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستین و گەڕانەوەی پەنابەرەکان و کشانەوەیە لە جۆلان.ئەم حیزبە تا ساڵی1977بە بەردەوامی بەشداری لە حکومەتەکانی پارتی کار کردوە،لە دوای هاتنە سەر حوکمی حیزبی لیکۆدیش لە پارتی کار هەڵگەڕایەوە، لە1999دا پێنج کورسی کەنیسەتی هێنا،بەشداری حکومەتی باراکی کرد. ئەگەرچی پارتی کار لە نێو ریزەکانی زایۆنیە بەدینەکان بەوە ناسراوە کە ریز لە کەلتور و گیانی زایۆنیەت و جوە حەریدیەکان(سەر بە شاس و یەهودت هەتورا)دەگرێت،بەڵام لەگەل ئەوەش هەردولای(زایۆنی و حریدیە) بەدینە توندڕەوەکان هانی جەماوەری خۆیاندا لە دژی پارتی کار دەنگ بۆ نەتانیاهۆ بدەن.[61]حزبێکی نەتەوەی ئاینی ڕاستڕەوی توندڕەوە، سەرۆکی ئەم حیزبە ئێستا(ئیسحاق لیفی)ە.مفدال بوە بە مینبەرێک بۆ بانگەشەکردنی ئیسڕائیلی مەزن و دامەزراندنی مستەوتەناتی نوێ لەسەر خاکی فەلەستینی. لە هەردو هەڵبژاردنەکانی1992و1996دا وەک یەک شەش ئەندامی لە کەنیسەت هەبو،بەڵام پاش دامەزراندنی پارتە ئاینیەکانی تر لە ئیسڕائیل (مفدال)ئەو سەنگەی جارانی نەما،لە هەڵبژاردنەکانی1999دا(5) کورسیان هێنا.مفدال هەوڵدەدا نەتەوەی جو لەسەر زەمینی ئیسڕائیلی تەوڕاتی زیندو بکاتەوە،دژی هەر دانپیانانێکە بەدەوڵەتی فەلەستین،ناڕاستەوخۆش لەگەل ڕاگواستنی عەرەبەکانە.

**یسڕائیل بیتینۆ(ئیسڕائیل ماڵمانە)**:

حزبێکی ڕاستڕەوی توندڕەوە،دوو ڕابەری هەیە:بینی ئایالون و ئافیگدور لیبرمان.یەکەمیان کوڕی قازیەکی بەدینی دادگای باڵایە کە بەر لە چەند ساڵێک دەستی لەکار کێشاوەتەوە،ئایالۆن سەر بەنەوە گەنجەکانی مەفدال بووە کە لەساڵانی هەفتاکانەوە لە ناوچەکانی فەلەستین نیشتەجێکراون، هەرچی لیبرمانە لەو جوە بەڕەچەڵک ڕوسە کۆنانەیە کە زوو هاتۆنەتە ئیسڕائیل،وەک پالپشت و پشتیوانێکی سەرەکی نەتانیاهۆ بووە،بەر لە هەڵبژاردنەکانی1999لە لیکۆد دەستی کێشاوەتەوە،پارتی یسڕائیل بیتینۆ-ی دامەزراندووە کە حزبێکی روسی ڕاستڕەوە، لە1ی شوباتی 2000دا(یسڕائیل بیتینۆ)ی (ئیفیگور لیبرمان) وحیزبی (مولیدت)ی (ڕەحبەعام زئیفی) یەکیان گرتەوە،بەو پێکهاتە نوێیەیان لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی2001دا(7)نوێنەریان لە کەنیسەت هەبوو.[62]لە دوای کوژرانی زئیفی لە17ی ت.یەکەمی2001(بینی ئایالۆن)بۆتە ڕابەری ئەم ڕێکخراوە، لەسەرەتا یسڕائیل بیتینۆ وەک باڵێکی جوە ڕوسەکانی سەر بە لیکۆد لە هەڵبژاردنەکانی1999 دامەزرا ،ئەو کاتە چوار کورسی بەدەستهێنا،وەک ئەوە وابو ئەم کورسیانەی لە(یسڕائیل بعلیا)سەندبێت کە ئەویش حزبێکی تایبەت بە جولەکە روسەکان بوو.یسڕائیل بیتینۆ پارتێکی ڕەگەزپەرستی ڕاستڕەوی توندڕەوە،بەئاشکرا داوای ڕاگواستنی فەلەستینیەکان دەکات لەناو خاکی ئیسڕائیلدا،جەماوەرەکەی بریتیە لەو مستەوتەنە بەدینە توندڕەوەکان و جوە روسە ڕەگەزپەرستە توندڕەوەکان.[63]

**پارتە نهێنیەکانی ئیسڕائیل**:

ئەم ڕێکخراوانە بە ڕێکخراوی نهێنی ناسراون لە ئیسڕائیل:

ڕێکخراوی بنوءە(النبوە)،ڕێکخراوی فاکیام دروشمی(حرف-غیر الاتجاە-فرمل):لە لایەن هاخام(ئۆئیل ئبن نون) رابەرایەتی دەکرێ.ڕێکخراوی حیرف داڤید (شیری داود):ئەم ڕێکخراوە ژمارەیەک زۆر لە ئەفسەری سوپاو پۆلیسی خانەنشین دەگرێتە خۆ.ڕێکخراوی سیریکیم(واتە بەیەک بەستراوەکان):ئەفسەری پۆلیس(ئوئیل ئولار) رابەریانە.ڕێکخراوی پارێزەرانی چیای مالەکە(امناء جبل البیت):بزوتنەوەیەکی ئاینی توندڕەوە،ئەرکی سەرەکی بە جوکردنی مزگەوتی ئەقسایە،چالاکی سەرەکیان لە قودسە،لەلایەن جوە توندڕەوەکانی کالیفۆرنیا کۆمەک دەکرێت،رابەرەکەی(یهودا بیرح)ی توندڕەوی ئاینی و یاریدەدەرەکەی (جیئول کارمن)ە.ڕێکخراوی موکید یاهف (بەخشش):ڕێکخراوێکی توندڕەوە(یەهود مائیر)ی کۆنە عەقیدی پۆلیس رابەریەتی، بەهۆی کارە نائەخلاقی و نایاسیەکانی لە پۆلیسی دەرکراوە.ڕێکخراوی تاجی کۆن: بزوتنەوەیەکی ئاینی توندڕەوە،ئامانجی دامەزراندنەوە و بەبیرهێناوەی سەر لەنوێ (هەیکەل)ە.سەرۆکەکەی هاخام(ئەفیدۆر نفتسال) بە هاخامی شاری کۆن ناسراوە،لە بەناوبانگترین ڕێکخراوە نهێنیەکانە،مێشکی خەلکەکە بە بۆچونەکانی تەورات و میراتە فکریەکەی جوەلەکە گۆشدەکات.ڕێکخراوی حیروف جدعون(شیری تیژ): ڕێکخراوێکی تیرۆرستیە، بڵاوکراوە بۆ هاندانی کۆچکردنی خێرا وەک شێوازێک دژ بە عەرەبەکان بەکاردەهێنێ.ڕێکخراوی غلیتستا دروشمی (ملکەچی-ئامادەبوون)ە، (زەئیف ئەنسیخ)ی بەدینی توندڕەوی بەڕێوەبەری خوێندنگا ئاینیەکان رابەریەتی، باوەڕیان بە دەوڵەتێکی ئاینی

جولەکەی روتە.ڕێکخراوی عەتیرت کوهانیم (تاجی کەهەنەی جوەکان):(بار ئیلان)ی ڕاوێژکاری نەتەنیاهۆ دایمەزراندوە. لە نێو مستەوتەنەکانی ئیسرائیل ڕێکخراوی زۆر لەوانە نهێنی تریش هەن کە تائێستا زانیاریان لە بارەوە بڵاونەکراوەتەوە.وەک:ڕێکخراوی لەناوبردنی خائینان،قدس بۆ ئێمەیە،ئیسرائیل بەتەواوەتی،گەنجانی قودس،ڕێکخراوی (دۆف). 64

**ڕێکخراوە توندڕەوە ئاشکرکانی ناو ئیسرائیل:**

ڕێکخراوی هەتحیا(گەشانەوە):یەکێکە لە بزوتنەوە زۆر نەژادپەرستەکان و توندڕەوەکانی ئیسرائیل،ڕێکخراوێکی کۆمەلایەتی سیاسی ڕاستڕەوە، رابەری(شافیح فایس)ە،باوەڕی بە زایۆنیزمی بێخەوش و دەوڵەتێکی ئیسرائیلی هەیە لەسەر تەواوی سەرزەمینی جوەکان،سێ ئەندامیان لە کەنیسەت و حکومەت هەیە. ڕێکخراوی کاخ:دروشمی (ئەوها –بۆیە)یە.ڕێکخراوێکی توندڕەو،ڕاستڕەوە،لەگەڵ ئەوەشدا لە کەنیسەت داوای ڕێککەوتن لەگەڵ عەرەبەکان دەکات،(مائیر کەهەنا)ی رابەریان لە بارو دۆخێکی زۆر ئالۆز لە نیۆیۆرک کوژرا،ئەم ڕێکخراوە سەرباری ئەوەی بەپێی یاسا کارکردنی لەناو ئیسرائیل قەدەغە بوو،لەگەڵ ئەوەشدا بەئاشکرا کاری سیاسی خۆی دەکرد(بەتایبەتی لە ڕۆژگاری نەتەنیاهۆ)،سەرۆکی ئێستای (کەهنا)ی کوڕی دوەمی مائیرە.ڕێکخراوی کەهنای زیندو:لە بیروبۆچونا وەک کاخن، لە مستەوتەنی کفار تبوح چالاکن،(بنیامێن کەهنا)ی تەمەن 26ساڵ رابەریانە.65

**ڕێکخراوەکانی تایبەت بە مستەوتەنەکان:**

بەپێی زمان و شوێنی کۆچکردنیان ئەم ڕێکخراوانە دابەشی سەر مهاجیرە جوەکان بونە،زۆربەی ئەم ڕێکخراوانە بۆ دەسکەوتی مادی و پلەوپایە خۆیان لە بازنە یان بەسێبەری یەکێ لە حیزبە ناسراوەکان دەبینەوە،بەڵام لە ناو مستەتەنەکان هێز و سەنگی خۆیان هەیە،گرنگەکانیان:ڕێکخراوی ئەنجومەنی مستوتەنات:لە1980 دامەزراوە.عوش ئامون ئامونیم(بە ناوی مستەوتەنێکە) لە1974 دامەزراوە.رابیتەی بیشا دروشمی (کشان و پەرتبون)ە،لە1979 دامەزراوە.ڕێکخراوی ئازایەتی: ڕێکخراوێکی ئاینی تازەیە لەلایەن(عەمینئیال)دامەزراوە.ڕێکخراوی ڕێگای ئاشتی: سەر بە سەرۆکی مستەوتەنەکانن، رابەرەکەیای(ئوری ئەرئیل)ە.ڕێکخراوی رابیتەی گەلیکی ئازاد:لەژێر کاریگەری حیزبە علمانیەکانە،پاش ئەوەی لە2000بەدینەکانی سەر بە(حەرادیمەکان)لە نتانیا کازینۆ و چێشتخانەیەکیان سوتاند،هەندێ لە جوەکان بەمەبەستی بەگژداچونەوەی توندوتیژی بەدینەکان ئەم ڕێکخراوەیان دامەزراند،لایەنگریان لە نێو جوە علمانیە دەوڵەمەندەکان،هونەرمەند و ڕۆژنامەوان و خاوەن کازیۆنۆکان هەیە،پشتیوانی مادی و مەعنەویان لێدەکرێ.ڕێکخراوی ووچاک(ڕێکخراوێکی جیهانیە تایبەتە بەو جوانەی لەوڵاتە عەرەبیەکان لەدایک بونە)، لە1975 لەلایەن ئەم جوە ڕۆژهەلاتیانە دامەزراوە،(مۆردخای بن بۆراک)ی کۆنە وەزیر دامەزرێنەریەتی.ڕێکخراوی قودسی ڕۆژهەلاتی دیموکراتی:برۆفیسۆر (یەهودا شنهاف)ی جوی سفاردیمی رابەرایەتی،بە مەبەستی بەرگریکردن لە جوە ڕۆژهەڵاتیەکان دامەزراوە.ڕێکخراوی یەک بەیەک:گرنگی بە پاراستنی بەرژەوەندی ئەو جوانە دەدات کە لە ئەمریکاوە هاتون،(زهاف لوئمان)رابەریانە.66

**هێشتا لە ئیسرالیل حیزبی تر هەنە:**

لە ئیسرائیل زوزو حیزب و تەکەتولاتی تازە دروست دەبن،بۆیە زۆر ئاسان نیە بتوانین هەمو حیزب و ڕێکخراوەکان لە بابەتێکی واچرکراوەی گۆڤارێک باسبکرێت بۆیە لێرە تەنها ناوی حیزبەکانی تر بە کورتی دەهێنین:پارتی تسومیت(زایۆنی پێشکەوتوخواز):پارتێکی ڕاستڕەوە لە بزوتنەوەی هتحیا جیابۆتەوە،لە1988 وە لە لایەن (رفائیل ئیتان)ی سەرۆک ئەرکانی سوپای ئیسرائیلی ڕابەرایەتی دەکرێ.پارتی ڕێگای سێیەم:ئەم ناوەی لێنراوە تا لە پارتی لیکۆد و کار جیا بکرێتەوە،لەلایەن ئەفیغۆدرۆ کەهلانی.پارتی مولیدات:پارتێکی ئاینی توندڕەوە،لەلایەن رەحبەعام زیئفی دامەزراوە.پارتی هیهتیشفوت(ئیستیتان):پارتێکی ڕاستڕەوە توندڕەوە، لەلایەن(ئەلیعازەر لیفنجەر)ەوە دامەزراوە.حزبی مۆریشت ئافوت(میراتی باپیران): پارتێکی دینی توندڕەوە، بە هۆی ناکۆکی نێوان زیئفی و حاخام یوسف با جاد لە مولیدات جیابۆتەوە.ڕێکخراوی کاری دیموکراتی(داعم)پارتێکی جولەکەی چەپە، پشتوانی لە عەرەبەکان دەکات، لەلایەن خەتیب سامیە دامەزراوە،پشتیوانی لە پارتی کار دەکات لە 1992 وە(ئەسلف ئەدیب)رابەری ئەم ڕێکخراوەیە.حزبی هاوپەیمانی عەرەبی (حزبێکی عەرەبیە)لەلایەن مکرم مخول و محمد زیدان دامەزراوە. خانەنشینانی ئیسرائیل:لە1992 لەلایەن نافیە ئەراد دامەزراوە، ئامانجی کارکردنە لە پێناو خانەنشین و پەکەوتە و قوربانیانی شەڕ،لە خولی چواردەی پەرلەمان بە چوار کورسی بەشداری کەنیسەت بوو.پارتی ڕاعش:ئامنون ئفیعاد دایمەزراندوە لە پێناو پاراستنی مافی پیاوان لە ناو خێزاندا،چالاکی سیاسی نیە،تەنها چالاکی کۆمەلایەتی هەیە،داوای یەکسانی نێوان

پیاو ژن دەکات.پارتی یەکێتی لە پێناو کۆچکردن:پارتێکی تازەیە،گرنگی بەکێشەی مهاجیرەکان دەدا،بەتایبەتی تازە هاتوەکان،لەلایەن ئەفرایم جور و جێگرەکەی فیمایم بلوم دامەزراوە.پارتی تیلم ئەیمونا (پابەندبون بە باوەڕ): لەلایەن یوسف عزرانی جیاوەبو لە شاس دامەزراوە.دەنگی ژینگە:ناحاما دۆنیمی ژنە بەڕیوەبەری گشتی وەزارەتی ژینگە رابەریەتی. پارتی هیرۆکیم(سەوز): وەزیری ژینگە فاد فیشەر و جێگرەکەی رابەرایەتی دەکەن لە پێناوی پاراستنی ژینگە کاردەکەن.پارتی عتید:رۆنی میلەر رابەریەتی.پارتی مهاجیرانی ئەسیوبیا(هیوا) لەلایەن ئەفریم یۆنا و ئەدیسۆن مسالا رابەرایەتی دەکریٚ بە هیوای بەرگری کردن لە بەرژەوەندی جوە فلاشەکانی ئەسیوبیا.حزبی نەقەب(مفلیکت هانیکیف):فینی بداش رابەر و دامەزرێنەریەتی،کار لەپێناو گەشەپێدانی بیابانی نەقەب دەکا.پارتی گازینۆ (فلیکت گازینۆ):عیزرا تیسۆن دایمەزراندوە،داوادەکات شەرعیەتی زیاتر بدرێتە شوێنەکانی قومار و مەلهەکان،باجیشیان بۆ20% دابەزێنرێت.عیلا یروک(گەڵای سەوز):بوعز منحتل رابەریەتی، هەوڵدەدات رێگا بە کێشان و فرۆشتنی حەشیش ومۆریانەی سوک بدرێت،جۆرە باشەکانی بخرێتە بەردەست و رێگا بە بەکارهێنانی موخەدارات و نادیەکانی سێکسی هاورەگەز و روتەکان بدرێت.پارتی یاسای سروشت(حوک هاتیفع)رۆئیفین زلینکویسکی دایمەزراندوە، داوای کۆمەڵگایەکی پاک و ژینگەیەکی خاوێن و ئازادی خواپەرستی لە دینی جولەکە دەکات.مارکۆ بعلیا: ئەبرەهام نسولین و هەندیٚ لە مهاجیرەکانی باکوری ئەفریقیا دایان مەزراندوە. پارتی سەنترالی پیشکەوتوخواز:لەلایەن پرۆفیسۆر(ئەدریان یونۆ بیتش) دامەزراوە، تایبەتە بە جوە رۆمانیەکان.پارتی رزگاربون:عاموس برنس دایمەزراندوە، بەرگری لەمافی ژنان دەکات.پارتی هاتکوما(ڕابون):ئوری ئارئیل دایناوە،ئامانجی گەشەپێدانی کۆمەڵگایەکە دور بیٚ لە تائفەگەری و ئازادی خواپەرستی تیابیٚ.پارتی ئەمە خاکمانە(زی هارتسینوا):پارتێکی توندرەوە،پاش رێککەوتنی(ئۆسلۆ)دامەزراوە، دژی ئەم جۆرە رێککەوتنانەیە،مۆشیٚ فاینجیل و جێگرەکەی شمۆئیل ساکت بە دەستخۆشی هاخام بنی ئالونی دایان مەزراندوە.پارتی فنینا روزنبلوم:بە رابەرایەتی ئیفی بلیتسکۆف بۆ بەرگری لەمافی ژنان دامەزراوە.پارتی مهاجیران لە پێناو ئیسرائیل(لیف):فتحوت عوفدیا دامەزراوە لە پێناو بەرگریکردن لە کێشەی مهاجیرەکان.پارتی تکفا:بە رابەرایەتی ئەلیکس تانشر لە پێناو هاوسەریەتیەکی ئازاد و تێکەڵاو و شارستانی و کارکردن لە پێناو گونجاندنی خێزانە جوەکان.67

**حیزبە عەرەبیەکانی ئیسرائیل:**

بەرەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئیسرائیل کە لە28ی ک-دووەمی 2001 ئەنجام درا ئەوە بەدیاردەخات کەوا عەرەبەکانی ئیسرائیل نۆ کورسیان لە کەنیسەت بەدەستهێناوە، بەمەش عەرەبەکان لەم خولە کورسیەکیان کەمتر لەوەی1999بەدەستهێناوە.ئەگەر ئەمە بەراورد بکەین لەگەڵ رێژەی نوێنەرایەتی عەرەبەکان لە کەنیسەت کە دەوڵەت رێگای پێداون دەبوا 12-13 کورسی بووایە.68ئەمەش لەبەر چەند هۆیەکە لەوانە: نەبونی یەک لیستی هاوبەشی عەرەبەکان،گرنگی نەدانی عەرەبەکان بەم حیزبانە، لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان نەک ئایندەی میللەتەکەیان،ئەم هۆیانە وایان کرد زۆر لە دەنگی عەرەبەکان بچن بۆ حیزبە جوەکان،وەک دیارە18.9%ی دەنگی عەرەبەکان بۆ ئەم حیزبانە چوە:بۆ پارتی کار6.3%بۆ لیکۆد1%،بۆ پارتی یەک گەل5%،بۆ میرتیس4.2% و شاس 2.4%.69%عەرەبەکانی 48 ئەگەرچی لە نێوان خۆ بە ئیسرائیلی زانین و ئینتمایان بۆ عەربێتی و فەلەستینیان بونەتە هێزێکی لاوازی پەرتەوازە.

**بەرەی دیموکراتی بۆ ئاشتی و یەکسانی (حداش):**

(حداش)لەساڵی 1977 لە لایەن پارتی(رکح)70وچەندین کەسایەتی عەرەبی و جوی چەپخوازی روناکبیری ئیسرائیل دامەزراوە.پارتی کۆمۆنستی کەباڵی سەرەکی ئەم بەرەیە هەولێکی زۆری دا تا بتوانیٚ بەرەی دیموکراتی بۆ ئاشتی و یەکسانی دابمەزرێنیٚ،لەسەرەتای1977لەم هەوڵەیدا سەرکەوت.هۆکاری دامەزراندنەکەش بەلای خۆیانەوە لەو شتانە سەرچاوەی گرتووە:لە کۆنگرەی هەژدەمی حیزبیاندا بۆ بەرپەرچدانەوەی باڵادەستی هێزە ڕاسترەوەکان،رەواندنەوەی شەڕی دیکە و دەستەبەرکردنی ئاشتی،بەرگری لەئازادیەکانی تاکەکەس،مافی کرێکار،یەکسانی لەمافدا بۆ جەماوەری عەرەبی و نەمانی جیاوازی رەگەزی،حزبی کۆمۆنستی ئیسرائیلی داوای لە هەموو هێزە ئاشتیخواز و دیموکراتیەکان(عەرەب و جو) کرد بۆ دامەزراندنی لیستێک بۆ بەرەی ئاشتی و دیموکراتی بەمەبەستی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی خولی نۆیەمی1977ی کەنیسەت.71لەڕستیدا بەرەی دیموکراتی بۆ ئاشتی و یەکسانی (حداش)درێژە پێدەری حزبی شوعی ئیسرائیلیە کە لە ساڵی1922 لەلایەن جولەکە و عەرەبەکانی فەلەستین دامەزراوە.72بە تێپەڕ بونی کات ئەم حیزبە کاراکتەرێکی عەرەبی بەخۆوەگرت،لایەنگرەکانی لە نێو کرێکارانی عەرەب لەئیسرائیل زیادی کرد بەتایبەتی لە نێو کرێکاران و روناکبیراندا، بەشێوەیەک بەرچاو رێژەی ئەندام و لایەنگرە جوەکان لەم حیزبە کەم بۆتەوە،ئەوەش تێبینی

دەكرێ ئێستا تەنها ئەم جوانە لەگەڵ ئەم بەرەیە كاردەكەن كە پەراوێز كراون. ئێستا(محمد بركە)سكرتێری گشتی ئەم بەرەیەیە،بیروباوەڕی ئەم ڕێكخراوە ئەوەیە لە ڕوانگەی یەكسانی تەواوە داوای پێكەوە ژیانی جولەكە و عەرەبەكان دەكات، هەرواها بانگەشە بۆ نەمانی كاراكتەری ڕەگەزپەرستی لە ناوخۆی ئیسرائیل و كاراكتەری داگیركەری لە دەرەوە دەكات،هەروەها داواش دەكات ئیسرائیل لەسەرجەم ئەو ناوچانە بكشێتەوە كە لەشەڕی1967 داگیری كردوە و دەوڵەتی فەلەستینیش لەو ناوچانە دابمەزرێ بە قودسی ڕۆژهەڵاتیشەوە.جەماوەری سەرەكیان بریتیە لە عەرەبەكانی48.دوای ئەو سەركەوتنەی كە محمد بركە(سكرتێری بەرە و ئەندامی تەكەتولی حداش) لەو كۆدتایەی دژ بە سكرتێر گشتی عیسام مخەول(پیاوی دوەمی بەرە)كردبوی بەرەی حداش توشی جیابونەوە هات،ئەمەش بوە هۆی دورخستنەوەی پاڵێوراوی جولەكە ڕەگەز(دۆف حەنینی) بۆ پلەی چوارەم لە لیستەكەیان بەمەش ڕێگا بۆ پاڵێوراوی عەرەبی(ئەحمەد ئەلتیبی) خۆش بو ببێتە پاڵێوراوی پلە سێ،جیاكردنەوەی دەنگەكان وایكرد هەرسێ نوێنەرەكانی یەكەم لە لیستەكە ببن بە ئەندامی كەنیسەت و پاڵێوراوە جوەكەش دوربخرێنەوە،بەمەش ئەوەی لە28ك.دوەمی2003 ڕویدا ڕوداوێكی گرنگ بو بۆ حزبی شوعی ئیسرائیلی هاوپەیمان لە بەرەدا،چونكە لە كاتی دامەزراندنیەوە تائێستا ئەمە یەكەمجارە بەتەنها عەرەبەكان نوێنەرایەتی بەرە بكەن لە كەنیسەت (لە ژێر ناوی حداش) وهیچ كەسایەتیەكی جویان لەگەڵ نەبێ.بەهۆی ڕازی نەبونی بەشێك لەئەندامانی حداش بە هاوپەیمانەتی لەگەڵ ئەلتیبی و كەوتنەوەی ئەم ڕوداوەش وادەكات حزبی شوعی لەم بەرەیە جیا ببێتەوە،ئەم بۆچونەش بەوە لێكدەدەنەوە كە حزبی شوعی لە كۆنگرەی27یدا گۆڕانكاری لە سیستەمی ناوخۆی بەرە كردوە،لەمەودوا لیستی ناوی پاڵێوراوەكانی بۆ كەنیسەت لەلای خۆیەوە دەستنیشان دەكات.هەروەها دو بۆ چونیش پەیدابوە لە ناوخۆی حزبدا باڵێ بە پشتگیری بشارەت سكرتێری قوتری حزب دەیەوێ گۆڕانكاری لەدەستەواژەكانی وەك:مولكایەتی گشتی،دەسەلاتی كرێكار و..هتد بكرێ و ریفۆرمی ناوخۆی ئەنجام بدرێ، باڵەكەی تریش باوەڕیان بە شێوازی شورشگێری هەرماوە.هەرچی (محمد بركە)ی سكرتێری بەرەشە دەیەوێ بەرە ببوژێنێتەوە،ئەگەر بە شێوەیەكی زۆركەمیش بێ باڵادەستی حزبی شوعی لەم بەرەیە كەم بكاتەوە، بەمەش سەرەتاكانی هەڵوەشانەوەی ئەم بەرەیەی كە لە نێوان جو و عەرەبەكان هەبو بەدیاركەوتوە.[73](حداش)لەم هەڵبژاردنە 93,819 دەنگیان هێنا.بە گوێرەی دابەش بوونی جوگرافی جەماوەری حیزبەكانی ئیسرائیل حداش لە شارەكانی ناوەڕاست لایەنگری زۆرترە،توانی24,67%ی دەنگە عەرەبیەكان لەم ناوچەیە بەدەستبهێنێ،.لە شارەكانی خوارو ڕێژەی لایەنگرانی بەرە كەمترە، زیاتر خەڵكی ناوچەكە لایەنگری بزوتنەوەی ئیسلامینە. ئێستا بەرە تەنها دوو نوێنەریان لە پەرلەمان هەیە.[74]

**تەجەموعی دیموكراتی نیشتمانی(بلد) :**

لەساڵی1996 لەسەردەستی(عەزمی بشارە)نوێنەری تەیاری ناسری دامەزراوە،لە 1999 لەچوارچێوەی هاوپەیمانێتی(التجمع الوحدوي الوطني العربي) لەگەڵ بزوتنەوەی عەرەبی بۆ گۆڕانكاری بەشداری هەڵبژاردنیان كرد،[75]ئامانجیان ئەوە بوو لەو هەڵبژاردنە عەرەبەكان بتوانن بە سەنگێكی زۆر بۆ دژایەتی باراك و نەتانیاهۆ بەشداربن،لەوەش فشار بۆ هێنانەدی داواكاری عەرەبەكانی48لەسەر حكومەت دروست بكەن.(بلد)هەوڵدەدا مافی عەرەبەكان لە چوارچێوەی ئەقلیەتێكی نەتەوەیی خاوەن ماف و ئیدارەیەكی خۆماڵی عەرەبی لە ناو ئیسرائیل بێنێتەدی،بەتایبەتی لە بواری خوێندن و پەروەردە(ئۆتۆنۆمی رۆشەنبیری). ئەم ڕێكخراوە بەسەرۆكایەتی (عەزمی بشارە)لە2001لەچاو حزبە عەرەبیەكانی تر باشترین دۆخی هەبوە. فشارەكانی ئیسرائیل بۆ سەر بشارە وایكرد جەماوەری زۆربێت و لەناوخۆشدا پتەوتربن،ئەگەرچی ئیسرائیل تومەتی ئەوەی خستەپاڵ بشارە كەوا پاڵپشتی توندوتیژی دژ بە ئیسرائیل دەكات،ئەم تاوانە جەماوەری تەجەموعی زیاتركرد بۆیە ئیسرائیل لە مانگی9-2001 حەسانەی دیبلۆماسی لەم كابرایە سەندوە،[76]ئەم ڕێكخراوە هەوڵدەدا ئیسرائیل ببێتە دەوڵەتێكی دیموكراتی عیلمانی نەك دەوڵەتێكی جولەكە،خاڵبەندی دەكات لە نێوان بیری نەتەوەیی ودیموكراتی،لە ژێر سایەی مافی هاوڵاتی بونی وەك ئیسرائیلیەك هەوڵدەدات بۆ گەشەپێدانی ناسنامەی عەرەبی و پاراستنی بیری نەتەوەیی،هەروەها كاردەكات لە پێناو چارەسەرێكی عادیلانەی كێشەی فەلەستین،ئەم حیزبە لەسەرەتای نەوەدەكان لە نێو ئەو قوتابیە عەرەبانەی كە لە زانكۆكانی ئیسرائیلی دەیان خوێند دامەزراوە،ئەم تەجەموعە لە هەڵبژاردنەكانی2003 دا تەنها 71,299 دەنگیان لە سەرجەم ئیسرائیل هێنا.[77]

**بزوتنەوەی عەرەبی بۆ گۆڕانكاری:**

بەر لەهەڵبژاردنەكانی كەنیسەتی ئیسرائیلی لەساڵی1996 بزوتنەوەی عەرەبی بۆ گۆڕانكاری لە لایەن(د.ئەحمەد ئەلتیبی)دامەزراوە،هەر لەو كاتەوە وەك حزبێكی بەشداریكەر لە هەڵبژاردن تۆماركرا،چونكە ئەلتیبی ڕاوێژكاری سیاسی یاسر عرفات بوو لای ڕاسترەوە ئیسرائیلیەكان گومانی لێدەكرا،بۆیە ناوبراو لەترسی

نەهێنانی دەنگی پێویست ڕاستەوخۆ بەشداری لە هەڵبژاردنی نیسانی1996کەنیسەت نەکرد، بەڵکو بەلیستێکی هاوبەش لەگەل تەجەموعی نیشتمانی دیموکراتی بەناوی (تەجەموعی وەحدەوی نیشتمانی عەرەبی) بەشداریان لە هەڵبژاردنەکە کرد و دوو کورسیان بەدەستهێنا.78

د.ئەحمەد ئەلتیبی هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە سەرۆکی(بزوتنەوەی عەرەبی بۆ گۆڕانکاری)بوە.لە هەڵبژاردنەکانی 1999 بوە بە ئەندامی کەنیسەت،بەڵام بەهۆی هەڵوێستە توندەکەی سەبارەت بە ڕوداوی نیسانی2002 شاری جنین وچونە ناوەی سوپای ئیسرائیلی،لەلایەن حکومەتی ئارێل شارۆن و هێزە ڕاستڕەوەکانەوە کەوتە ژێر فشار و پڕوپاگاندەی ڕاگەیاندنەوە،کەنیسەت بە هۆی ئەم هەڵوێستە و هۆکاری تر لە 28ی مایسی2002 حەسانەی پەرلەمانی لێ سەندەوە،پاش ئەوەی گشت ئەندمانی کەنیسەت دەنگیان لە دژی داوە جگە لە محمد برکە،عبدالمالک دهامشە، بوسی کاتسمان لە پارتی کار،نەعومی حەزان لە میتریس ونحامە ڕونین لە ناوەڕاست حەسانەی پەرلەمانی لێ سەنراوە و دەرکراوە،هەر لەبەر ئەم هۆیانەش بوو لە هەڵبژاردنەکانی کەنیسەت لیژنەی ناوەندی هەڵبژاردنەکانی ئیسرائیل ڕێگای پێنەدا خۆی کاندیت بکات .79

**لیستی عەربی یەکگرتو** (**قائمە العربیە الموحدە**):

ئەم لیستە لەساڵی1988بە سەرۆکایەتی(عبدالمالک الدراوشە)دامەزراوە،وەک بە دەنگەوە هاتنێک بو بۆ ڕاپەڕینەکەی1987ی فەلەستینیەکان،ئەم لیستە لە بزوتنەوەی ئیسلامی باڵی باشور،پارتی عەرەبی دیموکراتی بە نوێنەرایەتی(تالب ئەلسائیغ)ی ئەندامی کەنیسەتە،حزبی نەتەوەی عەرەب کە لە دوای جیابونەوەکەی(محمد حەسەن کەنعان)لە پارتی عەرەبی دیموکراتی دامەزراوە،لە هەڵبژاردنی 1996 چوار ئەندامیان لە کەنیسەت هەبو،لەهەلبژاردنی2001دا لەگەل بزوتنەوەی ئیسلامی ئیتلافێکیان پێکهێنا (5) کورسیان لە کەنیسەت بەدەستهێنا، نوێنەرەکانیشیان ئەمانە بون:عبدالمالک دهامشە،تالب ئەلسائغ،هاشم محامید،تۆفیق ئەلخەتیب،محمد کەنعان.80 لەکاتی هەڵبژاردنەکانی2001دا لیستی عەرەبی یەکگرتو بە سەرۆکایەتی عبدالمالک دهامشە توشی ململانێیەکی ناوخۆیی بوەوە،ئەمەش وایکرد ئەم لیستە گرفتاری لاپەرگەیی بێت،ئەم ململانێیەش بوە هۆی دورخستنەوەی هاشم محامید نوێنەری لیستی هاوپەیمانی پێشکەوتوخواز(کە نوێنەرایەتی باڵی نەتەوەیی دەکرد)،دورخستنەوەی ئەم کاندیتە لە ئاکامی دروست بونی ململانێیەک لە نێوان موسڵمان و مەسیحیەکان لە بازنەی هەڵبژاردنی شاری ناسرە بو، ئەم ڕوداوە لە بەرژەوەندی(سلێمان ئەحمد)ی کاندیتی بزوتنەوەی ئیسلامی کەوتەوە،کە هۆکاری ململانێکەی نێوان موسڵمان ومەسیحیەکان بوو. سەرباری ئەوەش لیستی یەکگرتوی عەرەبی توانی65,551 دەنگ بهێنێ و هاشم محامید بە لیستێکی تایبەت بەخۆی بەشداری کرد.81ئێستا ئەم لیستە دوای هەڵبژاردنەکانی2003 ژمارەی نوێنەرەکانی لە پێنجەوە بۆ دو نوێنەری لە پەرلەمان دابەزی نوینەرەکانیش (عبدالمالک دهامشە،تاڵب ئەلسائغ)ن،.82

**بزوتنەوی ئیسلامی**(**الحرکە الاسلامیە**):

تەیاری ئیسلامی لە ئیسرائیل لە سەرەتای هەفتاکانەوە بەشێوەیەکی زۆر بەرچاو گەشەیکرد،ئەم تیارە هەر لەسەرەتاوە بوو بەدوو بەش:باڵە توندڕەوەکەی کەوتە ژێرکاریگەری ئێران کەپاشان قەدەغەکران،باڵەکەی تریش باڵێکی خۆگونجێنەر بوو،لە ژێرکاریگەری ئیخوانی موسلمین و پارتی رزگاری ئیسلامی دابو،بزوتنەوەی ئیسلامی نوێنەرایەتی ئەو باڵەی کرد،لە1983وەک حزبێکی ئیسلامی لەسەردەستی (عبداللە نمر دەروێش)لە نێو عەرەبەکانی48دامەزرا،ئەم بزوتنەوەیە لەبوارەکانی کۆمەلایەتی و رۆشەنبیری چالاکی هەبو،لەسەر مەسەلەی بەشداربون یان نەبون لە هەڵبژاردنەکانی کەنیسەت بونە دوو بەش ،باڵیک بە ڕابەرایەتی(رائد سەلاّح) کە بە بەباڵی باشور ناسراوە دژی بەشداریکردن بون،ئەویتریان بە ڕابەرایەتی(عبداللە نەمر دەروێش)کە بەباڵی باکور ناسراوە لەگەل بەشداری کردن دابون،لە1999 بزوتنەوەی ئیسلامی لەگەل پارتی دیموکراتی عەرەبی و بەرەی یەکێتی نیشتمانی (الجبهة الوحدة الوطنية) بەیەک لیست بەشداریانکرد بەناوی(لیستی عەرەبی یەکگرتو)، لیستەکە پێنج کورسی بەدەست هێنا دویان بەر بزوتنەوە(باڵی باکور) کەوت. بزوتنەوە دروشمی(الاسلام هو الحل)ی بەرزکردۆتەوە،لە ستراتیژیەتی حیزبدا هاتووە کار بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی دەکات لە سەرانسەری خاکی فەلەستین،بە هاوکاری میلەتانی تری ئیسلامیش حوکمی هەمو جیهان بکەن.83لە مانگی مایس2003 رائید سەلاح لەگەل 13 لە ئەندامانی تری سە ربە باڵەکەی (کەبە باڵی باکوری بزوتنەوەی ئیسلامی ناسراون) بە تومەتی سپی کردنەوەی پارە بۆ حزب اللەی لوبنانی گیران و تائێستاش لە زیندانەکانی ئیسرائیلین.84

**پارتی دیموکراتی عەرەبی(الحزب الديمقراطي العربي):**

حزبێکی علمانیه،لەساڵی1988وەک یەکەم حزبی عەرەبی لە ئیسرائیل دامەزراوە، لەسەردەستی(عبداوهاب دراوشە)ی نوێنەری کەنیسەی جیابوە لە پارتی کاری ئیسرائیلی.ئەم حیزبە لەئەنجامی گەشەکردنی هۆشیاری عەرەبی48و ڕاپەرینەوە دامەزراوە.دراوشە لە دژی سیاسەتی ئەوسای وەزیری بەرگری ئیسرائیلی ئیسحاق رابین دەستی لەکارکردن لەگەل حیزبی کار کشاندوە.بە ڕاگەیاندنی ئەم حیزبە خەلکێکی زۆر لە سەرۆکە لۆکالەکان و ئاینی و سەرەک عەشائیرەکان بەشداریان لەم حیزبەیدا کرد،لە1999 لەرێگای لیستی عەرەبی یەکگرتوە دوو کورسیان مسۆگەرکرد.دروشمی(ئاشتی و یەکسانی) بەرزکردۆتەوە، بەمەبەستی دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستینی لەسەرزەمینی1967 و پایەختەکەشی قودس بێ، مستەوتەنەکان نەمێنن،پەناهەندەکان بگەڕێنەوە،یەکسانیش لە نێوان عەرەبی48 و جوەکان بەرقەرار بێ خەباتدەکات.[85]

**ئیسرائیل و ئایندەی ناوچەکە:**

ئەگەر بەوردی سەرنجی  سەرجەم لایەنەکانی ژیان لە ئیسرائیل بدەین دەگەینە ئەم ڕاستیانە:ئیسرائیل ولاتێکە تا ئێستاش دانیشتوانەکەی گرفتاری کۆمەڵێ کێشە و ململانێی ئابوری،ئاسایش،نەژادی،کەلتوری و تایفەگەرایی‌یە. ململانێکان لەنێوان جوە ئەشکەنازی و سەفاردیمیەکان زۆر بەرچاوە، جگەلەمانەش ململانێی نێوان ئەم جوە حەرادیمیانەی کەوا دژ بە بیرۆکەی زایۆنیزمن و تەورات بە سەرچاوەی حوکم و دەستوری ژیان دەزانن لەگەل ڕەوتە علمانی و جوە بەدینە زایۆنیەکان ئەم گرفتانەیان قوڵترکردۆتەوە، بیری توندڕەوی ئاینی نەک هەر کۆمەڵگاکە بەرەو دیموکراتیەتێکی نەژادپەرستی(واتە دیموکراتیەتێک کەتەنها بەرەنجامەکەی بۆ خزمەتی بەرژەوەند جوەکان بێت)دەبات،بەڵکو  تەگەرە لەبەردەم زەواجی مەدەنی، ئاسانکاری لە پێناسەی جوایەتی،ئینتگراسی کردنی تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایە و ژیانی مەدەنی دور لە نەژادپەرستی–دینی دروست دەکات.[86]ئەگەر سەیری ئایدیۆلۆجیا و ئەو فاکتەرە پاڵنەرانە بکەین کە بونەتە هۆی دامەزراندنی  حیزبەکانی ئیسرائیلی، تێبینیدەکەین چەندین حیزبی جولەکەی نەژادپەرستی تایفەگەر یان ئاینی توندڕەو هەن و لەبەرامبەردا حیزبی تری دژ بەم بۆچونانە دامەزراون وەک:پارتی شینوێ و کار(تا ڕادەیەک) و حیزبە عەرەبی و چەپە ڕادیکالەکان یان حیزبە ئاینیە جوە سەفاردیمیەکانی دژ بە بۆچونە کریمناڵەکانی حیزبە ئەشکەنازیە بالآدەستەکان.

زانای دانیشتوانناس(بلیکەر)بەپێ(تیۆری گوێزانەوەی دانیشتوان)ەکەی ئەم گوێزانەوەیە دابەشی سەر پێنج قۆناغی دەکات.بە گوێرەی ئەم تیۆرە بێ ئەوە عەرەبەکان بەر قۆناغی دوەم دەکەون(واتە قۆناغی سەرەتای گوێزانەوەی دانیشتوان) کە تیایدا تێکڕای پیتان و لەدایک بون بەرزە،بەڵام مردن کەمە کەمە ڕو لە دابەزین دەکات و سەرەنجام دانیشتوان زیاد دەکات،هەرچی جوەکانن بەر قۆناغی پێنجەم دەکەون(واتە قۆناغی پاش گوێزانەوەی دانیشتوان)کە تیایدا لەدایک بون و مردن لە ئاستێکی نزمدانە،بەڵام مردن لە لەدایکبون زیاترە،سەرەنجام گەشەی دانیشتوان رەوتێکی نیگەتیفانە دەگرێتەبەر.[87] ژمارەی دانیشتوانی ئیسرائیل تادێت لە چاو هی عەرەب لە کورتی دەدات،گەشەکردنی دانیشتوانی جوەکان چۆتە قۆناغی جێگیریەوە، هەرچی عەرەبەکانە بە پێچەوانەوە.دانیشتوانی موسڵمان بە تێکڕای گەشەی نزیکەی3,5% لە ماوەی20ساڵدا دوهێندە دەبێ،لەکاتێکدا هەردو گروپی فەلە و دروزی هەریەکە لە ماوەی 28 سالدا دوهێندە دەبن.کەواتە  تێبینی دەکرێ لە کۆمەڵی جولەکە و غەیرە جولەکە تێکڕای گەشەی جیاوازیان هەیە و لەبەر ئەمە رێژەی دانیشتوانییەکانیان لە قەوارەی گشتی دانیشتوان،لەماوەی سالانی ئایندەدا دەگۆڕێ.هەروەها لە ناو کۆمەڵی غەیرە جولەکەدا تێکڕای گەشەی جیاواز هەیە، ڕێژە دانیشتوانییەکانیان لە ئایندە گۆڕانی بەرچاوی بەسەردادێ،بەجۆرێ کە ڕەوتی گەشەی دانیشتوانی لەناو کۆمەڵی غەیرە جولەکە بەشێوەیەکی تەواو بە قازانجی گروپی عەرەبە موسڵمانەکان دەشکێتەوە.[88] ئەمە وادەکات ئیسرائیل رێگا بە گەڕانەوەی ئاوەرەکان نەدا، تابۆشی بکرێ گەشەکردنی دانیشتوانی عەرەب لە ناو ئیسرائیل رابگرێ.لە مارسی1996دا ئیسرائیل بڕیاریدا بەپێی پلانی (متسادیم) هاولاتیانی فەلەستینی لەکەناری رۆژئاوا وعەرەبەکانی48 لەیەک جیابکاتەوە،بۆ ئەو مەبەستەش هەردو حکومەت:کار(لە2000) و حکومەتی لیکۆد(لە2001) گرنگیان بەم مەسەلەیەدا. شارۆن لە حکومەتی یەکەمیدا(2001) داوای لە پەیمانگای فان لیر و سەرۆکەکەی پرۆفیسۆر(شەمشون تسلینگەر)کرد کە بەهاوکاری دەیان شارەزا لە بواری ئابوری،خوێندن، دیمۆگرافیا و ئاسایش دراسەتێک لەو بارەیەوە بکەن.لە تەموزی2001 گەیشتنە ئەو بڕوایە کەدەبێ ئەم جیاکردنەوە ئەنجام بدرێ و ناویان لە پلانەکەشنا(پلانی ناوچەی تەماس) .بەمەزەندەی(فان لیبر)ئەگەر ئەم جیاکردنەوە ڕونەدا ئەوە تا کۆتای 2010 رێژەی جوەکانی لە نێوان ئوردن و دەریا دادەبەزێ بۆ51% ،لە2020 دەبێتە47% و لە2050 دەبێتە37%،بەڵام ئەگەر جیاکرانەوە ئەوە رێژە جوەکان لەناوخۆی ئیسرائیل  تا کۆتای 2010بەرزدەبێتەوە بۆ78% لە2050ش دەبێتە74%.[89] لێرە دەپرسین

ئایە لە داهاتودا ئەم وڵاتە جێگای ئەو دانیشتوانە چرەی هەردو گروپە نەژادییە ناکۆکەی دەبێتەوە کە هەریەکەیان سەرسەختانە خۆی بەخاوەنی سەرەکی ئەم خاکە دەزانێ،بەرەچاوکردنی پانتای خاک،ئاو،وزە،کان و ئیمکاناتە سنوردارەکانی تری ناوچەکە،رادەی گونجاوی دانیشتوان بۆ ئەم وڵاتە چەندە و گروپە نەژادیەکان چۆن دەتوانن بە ئارامی و هێمنی پێکەوە بژین؟لەم روەوە سەرانی زایۆنیزم نیگەرانی جیدیان هەیە،هەر ئەمەشە وایکردوە ژمارەیەکیان بیر لە ڕاگواستنی عەرەبەکان بکەن بۆ ئوردن(لەکاتی سەددامیش بۆ کەرکوک)کەچی گروپێکی تریشان-لیبراڵ و چەپەکان-بیر لە جوداکردنەوەی ناوچە فەلەستینیەکان بکەنەوە.[90]هەر ئەمەشە وادەکات عەرەبەکان دژی پلانی کشانەوە لە غەزە و جیاکردنەوە بن.

پارتە ئاینیەکان بە تایبەتی جوە حەرادیمیە توندرەوەکان کە سەرچاوەی بە زیندو هێشتنەوەی ئاینی جولەکەن تێچویان زۆر زۆرە و ئەرکی دراویان لەسەر حکومەت قورس دەکەوێ،لەزۆر روەوە هەلوێستیان لەگەڵ دەوڵەت ناکۆکە.مەسەلەی کۆچکردن و نیشتەجێکردنی مهاجیرەکانیش بەهەمان شێوە باری دارای خەزینەی دەوڵەتی لاسەنگ کردوە و ناچاریان دەکات بۆ پڕکردنەوەی کەماسیە دراویەکانیان پەنا بۆ هاوکاری کۆمەکی دەرەکی بەتایبەتی هی ئەمریکیەکان ببەن بۆ مسۆگەرکردنی یارمەتیە کۆمەڵایەتیەکان بۆ پیر و پەکەوتە[91] و مهاجیرەکان. سوپایەکی مۆدێرن و بە تواناش بۆ بەرەنگار بونەوەی سەرجەم دوژمنەکانی و پاراستنی سنور و ژیانی هاوڵاتیانی ئەرکی ئابوری ئیسرائیلی قورسکردوە.ئەمانە جگەلەوەی کێشە کۆمەلایەتیەکان زیاتردەکەن لەبەرامبەریشدا توانای هێزە سیاسیەکان کەم دەکەنەوە و دەنگەکان پەرت و بلاو دەکەنەوە،وادەکەن هەمیشە حکومەتی ئیئتلافی ناجێگر لەگەڵ حیزبە ئاینیە(بچوکە) بەرژەوەند پەرستەکان پێکبهێنن.بەبێ ئەوان بۆیان نەکرێ حکومەت دابمەزرێنن،ئەمەش سەرباری ئەوەی ململانێ و توندوتیژی نێوان گروپە ئیتنی-دینیەکانی ناو ئیسرائیل زیاتر دەکات لەلایەکی تریشەوە پرۆسەی ئاشتی لەگەڵ عەرەبەکان دوادەخات،کێرفی ڕەگەزپەرستی ئاینی-نەژادی عەرەبیش بەرزدەکاتەوە،بەهانەش دەداتە دەست ئیسلام-عەرەب تا بەو ڕەهەندە لە دژایەتی بە دیموکراتی کردن و زیاتر ئالۆزکردنی باری ئارامی ناوچە بڕۆن.[92]

کێشەی فەلەستینیەکان ومەسەلەی خاوەندارێتی خاک بۆ ئیسرائیلیەکان خالێکی لاوازە.عەرەبەکان بەهۆی بیری ڕەگەزپەرستی عەرەبی ئیسلامی دەتوانن هەمیشە سود لەم خاڵە وەربگرن بۆ هاندان و دوژمنداری کردنی جوەکان. ئەگەرچی جوەکان(لەو پەڕی ڕاستەوە بۆئەوپەڕی چەپەوە)درک بەم ڕاستیە دەکەن،لەکاتی تەنگانەدا حکومەتی نیشتمانی پێکدەهێن،بەلام ئەم راستیە نابێ لەیادبکەین ئایندەی ئیسرائیل بێ دامەزراندنی رۆژهەلاتێکی ناوەڕاستی ئارامی دیموکراتی دور لە دەمارگرژی نەژادی-دینی ناتوانرێ مسۆگەربکرێ،بۆیە بیرکردنەوە لە پرۆژەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست بۆ رۆژئاوا و ئیسرائیل(کوردیش)زۆر گرنگە.بونی دیموکراتیەت لە ناوچەکە و گۆڕانکاری لە بیرکردنەوەی خەڵکەکەی واتە گۆرانکاری لە عەقیدە و ئایین.جوە زایۆنیەکان بۆ هێشتنەوەی دەوڵەتی جولەکە کەوتونەتە ژێرکاریگەری جوە عەقیدەی و تەوراتیەکان[93]و عەرەبیش لەژێرکاریگەری هەستکردن بە لاوازی و مەغدوریەت و ئەم دواکەوتنە کۆمەڵایەتی_ئابوری-رۆشەنبیریە هەیانە وا بەئاسانی ناتوانن دەست بەرداری کەلتور خۆیان و ئاینی ئیسلام بن،مانەوەی ئەم کێشەیە وەک خۆی بارودۆخی ناوچەکە ئالۆزتر دەکات،چارەسەریشی کاتێکی زۆری دەوێت،بۆیە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کورد خاوەن خاک و سامان و ئاو هەروەها گەلێک کە لەناخیدا ئیسلام و بیرکردنەوەی شۆفێنی-ئاینی-نەژادی عەرەب و نەتەوە موسڵمانە جیرانەکانی بە هۆکارێکی سەرەکی لە بێبەش بونیان لە دەوڵەتی نەتەوەییان بزانن،هەروەها بڕوا بونی زۆرینەی هەرە زۆری ئەم گەلە بە دیموکراتیەت و ئیسلامیەتی تەقلیدی وادەکات دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی زۆر ئەستەم نەبێ بۆ پارسەنگکردنی هێز و هاوکێشەکانی ناوچەکە،ئەگەر خەڵکی تری ناوچەکە مل بۆ پرۆژەی رۆژهەلاتی مەزن نەدەن ئەگەری دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی دیموکراتیخواز بۆ هەوێنی دیموکراتیەت لە ناوچەکە پەلەی لێبکرێ.

لەلایەکی تریشەوە تێبینی دەکرێت کەوا حیزبە عەرەبیەکانی ئیسرائیل و جەماوەرەکەی بەشداریکردن لە کەنیسەت و حکومەتەکانی ئیسرائیلی زۆر بەرەوا دەزانن.بە شێوازێکی خەبات و مافێکی سروشتی دادەنێن،بەلام لەهەمان کاتدا هەر هاوکاری و مەرحەبایەکی وڵات-ئتنی- گروپی تر بە کوفر و لادان لە بنەماکانی مرۆڤ و ئیسلام بزانن.ئەم وەرچەرخانە لە بیرکردنەوەی عەرەبەکانی48 دەستدرێژکردنی میللەتانی تر بۆ دۆقەکردن لەگەل ئیسرائیلیەکان لە داهاتو دەکاتە شتێکی ئاسایی.

حزب ئیسرائیلیەکان گرنگی زۆر بە کادیرە کۆن و خاوەن ڕابردوەکانیان دەدەن،لای سەرجەم حیزبەکان ئاسایشی ئیسرائیل،ناسنامەی علمانیەت-دیموکراتی-جو زۆرگرنگە،ناکۆکی و جیاوازی نێوان سەرجەم حیزبەکان زیاتر لەسەر شێوازی کارکردنە بۆ مانەوەی دەوڵەتی ئسرائیل نەک لە سەر بنەماکانی فیکری،بۆیە

زۆر ئاساییە حیزبەکان لەو پەڕی چەپ بۆ ئەوپەڕی ڕاست(دینی-علمانی)لەیەک ئیئتلافدا حکومەتێکی نیشتمانی پێکبهێنن.ئەمەش وایکردوە دیاردەی سەربازی و دۆخی شەڕ جگە لە ئالوگۆڕی دەسەلأت لەم پرۆسەیە زۆربەی لایەنەکانی تری پرۆسەی دیموکراتیەت لە ئیسرائیل بخاتە بەر پرسیار.

---

## سەرچاوە و پەڕاوێز:


1-القس اكرم لمعي/الاختراق الصهيوني للمسيحيةمدارالشرق/الطبعة الثانية1413ه-1993م/القاهرة/ ص 129 و السلام المسلح/روءية في الستراتيجية الاسرائيلية للسلام/بقلم:عبالكريم فرحان/دار البراق-دمشق/الطبعة الاعولي 1995/ص13-15.

2-تكوين15 الوعد باءرض صفحة 17—كتاب المقدس/ ترجمة تفسيرية/الطبعة الرابعة/1992 (ترجمة: جي.سي.سنتر) مصرجديدة-قاهرة-.

3-گۆڤاری سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیژی 41/ژمارە2 ⁕ ساڵی یانزەمەم ⁕تشرینی دوەمی 2003/ سلێمانی./لاپەڕە227/بابەتی کورتە مێژوی پەرەسەندنی سوپای ئیسرائیل/نووسینی ئەحمەد موسڵمانی/ وەرگێرانی لە فارسیەوە: کمال رشید شەریف.

4- هەمان سەرچاوەی ژمارە یەک ل81

5- هەمان سەرچاوەی ژمارە یەک ص95 و ص115-116.

6- لە ل105دا الاختراق هاتووە هەندێ سەرچاوەی تر دەڵێن کەوا اسرائیل 80%ی خاکی فەلەستینی داگیرکرد.

7- www.moqatel.com//: بابەتی/اسرائیل+ www.aljazeera.net/:بابەتی العرب و اسرائیل نصف قرن من الصراع-ملفات خاصة2002+(ئەم سەرژمێریە ئەو مستەوتەنانەش دەگرێتەوە کەوا: 182 هەزاریان لە زەفەی غەربین،20 هەزاریان لە بەرزاییەکانی جۆلانن،7هەزاریان لە کەناری غەزە،72 هەزاریشی لە قودسی رۆژهەلأتن)

8-گۆڤاری سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیژی 43/ژمارە2 ⁕ ساڵی دوانزەهەم ⁕ئابی2004/ سلێمانی./بابەتی گیروگرفتی دانیشتوان لە ئیسرائیل و ئاسەواری لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی.،ورگێرانی لە فارسیەوە محمد کەریم –لە ماهنامەی(فلستین)سال اول ⁕ژمارەدوم وەرگیراوە./لاپەڕە96-98.

9- گۆڤاری سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیژی 43/ژمارە2 ساڵی دوانزەهەم ⁕ئابی2004/ ل90.

10- هەمان سەرچاوەی ژمارە 8/ ل96+هەروەها بابەتی العرب و اسرائیل نصف قرن من الصراع-ملفات خاصة2002 :www.aljazeera.net/

11- http://www.cbs.gov.il/statistical/bnei65-2003e.pdf هەروەها هەمان سەرچاوەی ژمارە8 .جیاوازیەک هەست پێدکرێ لە نێوان ئەوەی لە www.cbs.gov.il و سەرچاوەکانی ژمارە 8 هاتوە،ئێمە ئەوەی ئیسرائیلیەکەمان بە ڕاستر و نوێتر زانیوە بۆیە ئەومان بەکار هێناوە.لەم لاپەڕەدا هاتوە35 هەزار ئیسرائیلی بەڕەگەز جوی عێراقن.

12- هەمان سەرچاوەکانی ژمارە7

13- بۆنموونە:نەتانیاهۆی لە کاتی حکومکردنیدا کەوتە کەم کردنەوەی یارمەتیە کۆمەلأیەتیەکان تا بتوانێ چیتر پشت بە هاوکاری و کۆمەکی دەرەکی نەبەستێ،بەلأم نەیتوانی لەم هەنگاوەیدا سەرکەوێ،کۆمەلێ کێشەی گەورە گەورەی بۆ ئیسرائیل دروستکرد،هەروەها بەرنامەی شینوێ دژی کۆمەکەکان بۆ جوەحەرادیمەکان و دامەزراوەکانیان..

14- www.almash-had.org معلقون إقتصاديون: الاقتصاد الاسرائيلي غير متجه بثقة إلى السبيل السليم للنمو ماقتیاد والمجتمع-21/10/2004 هەروەها هەمان سەرچاوەکانی ژمارە7 .

15- بابەتی/اسرائیل www.aljazeera.net.

16-مركز الشرق العربي للدراسات الحضارية و الستراتيجية/بابةتي السلام تحت مضلة السلاح النووي الاسرائيلي/2002-24-3/ الدراسات http://www.asharqalarabi.org.uk/center/dirasat-salam.htm يان السلام المسلح/روءية في الستراتيجية الاسرائيلية للسلام/بقلم:عبالكريم فرحان/دار البراق-دمشق/الطبعة الاعولي 1995/ص62-65.

17-www.israel-mfa.gov.ile/بابەتی سەرۆکەکانی ئیسرائیل: the presidents of israel.سەرۆکەکان:حائیم وایزمەن 1949 -1952،ئەتزاک بن زیفی1952-1963،زالمان شازەر1963-1973،ئیفرام کاتزر1973-1978،یاتزاک نافۆن1978-1983،حائیم هیرزۆک1983-1993،ئایزەر وایزمەن1993-2000،موشێ کاتساف2000 تا ئێستا.18 وەزارەتی هەیە:بەرگری،دەرەوە،بازرگانی و پیشەسازی،دارایی،کشتوکاڵ،ئاسایشی ناوخۆیی،کۆچ، تەندروستی، فێرکردن،عەدل،زانست و تەکنولۆجیا،ژێرخان،ژینگە،ناوخۆ،گواستنەوە،گەشت وگوزار،کار و خۆشگوزەرانی و بینا و نیشتەجێکردن.

18- .www. jmuslim.naseej.com.saبابةتي/ روءساء الحكومات الصهيونية/قسم الاول. مجلة جندي المسلم.

19-http://www.moqatel.com/openshare/indexf.html. بابەتی(احزاب والجماعات الدينيه فى الاسرائيل).

20- http://www.israelipalestinianprocon.org/israeliprimeministers.html

21-http://www.almash-had.org -الديموقراطية الاسرائيلية ليست امرا مفروغا منه-بقلم بروفيسور يوان بيلد.30-11- 2004 هةروةها بابةتي(احزاب والجماعات الدينية في الاسرائيل). نظام السياسي للدولة/ www.moqatel.com هەروەها تقرير خاص ب:ازمة الكنيست و السلطة في اسرائيل /في قسم:شووءن الأسرائيلية/دراساتwww.arabs48.com،هةروةها (دستور باءجماع كبير ولكن من غير المتدينين و العب/جدعون ئالون/2004/6/12 – http://www.almash-had.org

22-اعداد:سيدى احمد بن احمد سالم/الاحزاب السياسيه الاسرائيليه /الجزيره نيت الاحد3-10-2004 .

22-احزاب سياسى اسرائيل/مركز ئيطلاع رساني فلسطين لە/30-1-2003/ www.palestine-persian.info ئەمانیش ئەم بابەتەیان لە رۆژنامەی البیان چاپی ئیماراتی22-1-2003وەرگرتووە.+بابەتی(احزاب والجماعات الدينيه فى الاسرائيل). www.moqatel.coml.

23-مێژوی کار دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پارتانەی مابای و معراخیان دروستکردوە،ڕگی ئەم حزبانەش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی1919 کاتێ بزوتنەوەی کریچکاری جوەکان یەکەم ئیئتلافیان پیچکهیچنا بەناوی ئەحدوت هەعفوداهـ:یەکێتی زایۆنی سۆشیالستی بۆ کرێکارانی سەرزەمینی ئیسرشائیل،لەساڵی1930 بزوتنەوەی ئەحدوت هەعفواهـ و هبوعیل هتسیعر:العامل الشاب)لە یەک حزبی زایۆنی سۆشیالستیدا یەکیان گرتەوەبە ناوی (حزبی کرێکاری سەرزەمینی ئیسرائیل:مابای)،ئەم حیزبە لە لایەن هستدرویت:سەندیکای گشتی کرێکاران بەشی هەرەزۆری ئەندامەکانی تەئیدی ئەم حیزبەیان کرد،بەم شێوە توانیان لەناو ریچکخراوی زایۆنی جیهانی بالاچدەست بن،لە بزوتنەوەی چەپی کرێکاری زایۆنی لە فەلەستین سێ باڵ پەیدا بوون،یەکێتی جەمعیاتەکان:زۆربەی ئەندامەکانی لایەنگری هبوعیل هتسعیر بوون،لە1927 بالێکی تر بەناوی(الكيبۆتز الموحد)لە ئەندامەکانی ئەحدوت دامەزرا،هەر لە هەمان سالدا لە ژێرناوی(کیبۆتزی قوتڕی) پاسەوانی گەنج دامەزرا،سەرباری ئەوەی ئەم سێ بالأ لە مابای کۆبوبونەوە،ئیلتزامیان بە سیاسەتی ئەو دەکرد،بەلأم دەیان ویست تەوەریێکی چەپ دروستبکەن لەمەوە سەرەتای دژایەتی مابای بەدیارکەوت،بەڕابەرایەتی ئیسحاق تەبەنگین کتلەی ب یان دامەزراند،ئەم ململانێیە درێژەی کێشا تا لەساڵی 1946 پارتی کریچکارانی یەکگرتو:مابام دامەزرا،هشوعیر و ئەحدوت هەعفوداهـ بو علی تسیون چونە پالیەوەکە لە مابای جیا بوبونەوە.ململانێکانی نێوان مابام و ئەو حزبانەی ئەو رێکخراوانەیان پێکهێنابوو بەر دەوام بوو لە1963 مابای پێنیاری کرد هەمو حزبە چەپەکان یەکبگرنەوە بەلأم مابام ئەم فکرەی ڕت کردەوە،هەرچی ئەحدوت هەعفوداهـ و بوو بە چەند مەرجێ بەم فکرە رازی بوو،جارێکی تر مابای ناکۆکی کەوتە نێوانیان لەسەر چۆنیەتی هەلبژاردن ئەم رووداوەش بە بزوتنەوەی لافون ناسرا،کە بن گۆریۆن و مۆشیچ دەیان و شیمۆن پیرز و یەغئال و چەند کەسیکی تر لە مابای جیابونەوە بەناوی رافی کتلەیەکیان پێکهێنا،بەلاچم لەکاتی شەڕی 1967 زۆربەی ناکۆکیەکانی نێوان حزبە کرێکاری ە تەکەتولە زایۆنیەکان نەما لە ڕاستەوە بۆ چەپ بیری یەکگرتنەوە کەوتە نێوانیان ،بەمەش سەرجەم حزبە زایۆنیەکان سەلماندیان ئەوەی کۆیان دەکاتەوە زیاترە لەوەی جیایان

دەکاتەوە،لە1968دانوستان دەستی پێکرد بۆیەکگرتنەوەی بزوتنەوەی کرێکاری بەمەش پارتی کاری لێکەوتەوە. (احزاب والجماعات الدينيه فی الاسرائيل). www.moqatel.coml.

24- www.moqatel.com. بابەتی(احزاب والجماعات الدينيه فی الاسرائيل). ). هەروەها بابەتی /الاحزاب السياسيه الاسرائيليه-اعداد:سيدی احمد بن احمد سالم/ الجزيره نيت الاحد3-10-2004.

25- گۆڤاری سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیژی 41/ژمارە2 ٭ ساڵی یانزەمەم ٭تشرينی دوەمی 2003/ل230-232.( (هاگانا)لە25 حوزەیرانی 1921دامەزراوە،یەکەمین ڕێکخراوی سەربازیە لە ئیسرائیل.ئەندامانی کۆمیتەی هستدرۆت(بن گۆریۆن و بن ترفی)،ڕەزامەندیان لەسەر دامەزراندنی هەبووەبەرەچاوکردنی خەسڵەتی نهێنییەکانی هاگانا سەرەتا ناوی(گروپەکانی کار و پشتیوانی)بوو،ئەگەرچی ئەو ناوەش هەر نهێنی بوو،بەڵام پاشان ناوە ئاشکراکەی واتە(گروپەکانی کار) ڕاگەێنرا پاش ئەوەی هەڵکەوتنی پەتوتری بەدەستهێنا بەرەسمی ناوی هاگانای لێنرا.ئەم ڕێکخراوە تووشی ئینشقاق و یەکگرتنەوە بووە.ڕێکخراوی سەربازی بالماخیش لەگەل دەستپێکردنی جەنگی دوەمی جیهان و لەو سۆنگەیەوە لە نیسانی1941دا فەرماندەی گشتی هاگانا گەیشتە ئەوەی کە پێویستە بیر لە پێکهێنانی هێزێکی گورزوەشێنی گەورەی نهێنی بکرێتەوە دوای ڕاگەیاندنی دەوڵەتی ئیسرائیل ڕێکخراوی هاگانا بووە هەوێنی سوپای تازەی ئیسرائیل،ماوەی کاری نهێنی هاگانا کۆتایی هات.سوپای ئیسرائیل لە 7 یەکەی سەربازی و 3 یەکەی باڵماخ و یەک یەکەی تایبەت پێکهات.)

26- http://www.israelipalestinianprocon.org/israeliprimeministers.html وهەروەها بابەتی(احزاب و الجماعات الدينيه فی الاسرائيل) لە وێب سایتی http://www.moqatel.com/openshare/indexf.html. ٭داڤید بن گۆریۆن1948-1953،مۆشێ شارێت1953 -1955،داڤید بن گۆریۆن1955-1963،لیڤی ئیشکۆل1963-1969، گۆڵدە مایەر1969-1974،یەتزاک ڕابین1974-1976،شیمۆن پێرز 1984-1986،یەتزاک ڕابین1992-1995،شیمۆن پێرز1995-1996،ئیهود باراک 1999-2001.(موشێ دایان،ئابا ئیبان)ش کە هەر سەر بەو حیزبە بونە پۆستی سەرۆکی وڵاتیان وەرگرتووە

27- /www.almash-had.org.بابەتی حكومه عدم استقرار وخمسه محاور للێراع/كتب:برهوم جرايسی/11-1-2005

28- هەمان سەرچاوەی ژمارە24.

29-حزبی جیشر(پرد)تەجەموعێک بوو تایبەت بەو جولەکە مەغریبیانەی کە لە لیکۆد جیابووبونەوە، (دیڤید لیڤی)کۆنە وەزیری دەرەوەی حکومەتی ناتانیاهۆ ڕابەرایەتیانی دەکرد،هەرچی حیزبی (میماد)ە لە ساڵی 1988 بە ڕابەرایەتی حاخام(یەهودا عەمیتال)دامەزراوە،ئەم حیزبە پشت بە چینی مامناوەندی جولەکە بەدینەکانی ئەشکەناز دەبەستێ،لە زۆربەی هەڵوێستەکانیان لەگەل حیزبی کار دا پێک دەگەنەوە

30- بابەتی /الاحزاب السياسيه الاسرائيليه-اعداد:سيدی احمد بن احمد سالم/ الجزيره نيت الاحد/3-10-2004. یان الاحزاب الاسرائيليه..تعكس الانقسام فی المجتمع الاسرائيلی/جزيره نت/مەلەفە تایبەتەکان/2001

31- هەمان سەرچاوەی ژمارە24.

32-(ئاتسل)یانی باڵی سەربازی ڕاپەڕێنەری بیروباوەڕی حیزبی حیرۆت،لەسەر ئاستێکی فراوان بە (ئارگۆن)ناسرابوو،ڕێکخراوی(ئاتسل)لە1948 خۆی هەڵوەشاندەوە بوو بە حزبێکی سیاسی بەناوی(حیرۆت) بەسەرۆکایەتی (بیگن)، ئەم هەڵوەشاندنەوەش ڕووداوێکی مێژووینی بەناوبانگی لێکەوتەوە خەریکبوو شەرێکی ناوخۆیی گەورە بەهۆی ئەم ڕێکخراوە سەربازیە ڕووبدات،چونکە(ڕێکخراوی ئاتسل)بەنیاز بوو800 خۆبەخشکەر،500 تفەنگ و250 تۆپ بەو کەشتیەی کە هەیان بوو بگوازنەوە بۆ ناو ئیسرائیل،حکومەتی ئیسرائیل لە20 حوزەیرانی 1948 داوی لێکردن ئەم کەشتیە بەهەموو شتەوە بدرێتە حکومەت،بەڵام بیگن ملی بۆ ئەو بڕیارە نەدا و بەرەو گوندی(فتیکن)بایاندایەوە،ئەمەش وای لە(بن گۆریۆن)کرد فەرمان بدات ئەم کەشتیە بە هەمکوو شتەوە بۆردمان بکرێ وکراش

33-هەمان سەرچاوەکانی ژمارە24 یان بابەتی /الاحزاب السياسيه الاسرائيليه-اعداد:سيدی احمد بن احمد سالم/ الجزيره نيت الاحد/3-10-2004 یان http://www.israelipalestinianprocon.org/israeliprimeministers.html

34- بابەتی /الاحزاب السياسيه الاسرائيليه-اعداد:سيدی احمد بن احمد سالم/ الجزيره نيت الاحد/3-10-2004..

35- الاءهرام.www.ahram.org.eg/

36- حركة شاس ودورها في المجتمع الاسرائيلي/يئسف عودة_4-12-2004/ /باب -كتب و دراسات-من دنيا الوطن -صحيفة فلسطينية الكترونية وهي تصدر في الغزة/- http://www.alwatanvoice.com/ هەروەها/ حزب لكل حكومه/شاس بين سر النجاح الانتخابی و عوامل الفشل فی مواجهه تحدی"البيت السياسی"لليهود الشرقين/اعداد:سعيد عياش_24-10-200431 -www.almash-had.org . بابەتی /الاحزاب السياسيه الاسرائيليه-اعداد:سيدی احمد بن احمد سالم/ الجزيره نيت الاحد/3-10-2004. یان الاحزاب الاسرائيليه..تعكس الانقسام فی المجتمع الاسرائيلی/جزيره نت/مەلەفە تایبەتەکان/2001.سەرباری ئەوەی جوە رۆژهەلاتیەکان 54%ی مهاجیرە جوەکانی سالانی پەنجاکانیان پێکهێناوە،بەڵام دەسەلات هەمیشە بەدەستی ئەشکەنازیەکان بووە،کە سیاسەتی ڕەگەزپەرستی دژی سەفاردیمیەکان پیادەکردوە،بەچاوی سوک و گومانەوە سەیریان کردون،ئەمەش بەهۆی نزمی ئاستی کۆمەلایەتی و رۆشەنبیریان بەبەراورد لەگەل رۆژئاواییەکان

37- حزب لكل حكومه/شاس بين سر النجاح الانتخابی و عوامل الفشل فی مواجهه تحدی"البيت السياسی"لليهود الشرقين/اعداد:سعيد عياش_24-10-2004 - www.almash-had.org.

38- هەمان سەرچاوەی34.هەروەها هەمان سەرچاوەکانی ژمارە24

39- اتجاهات التصويت لدي فلسطينيو48 في انتخابات الكنيست السادس العشر/بيسان عدوان- www.almash-had.org

40- www.almash-had.org/بابةتي حركة"ياحد"بين ازمتي الخطاب و القيادة/ نووسيني برهوم جرايسي،2004/12/27-هەوەها بابەتی(احزاب والجماعات الدينيه فی الاسرائيل)www.moqatel.com/.شولامیت لە نیوەی دوەمی شەستەکان لەسەر لیستی پارتی کار ئەندامی کەنیسەتی ئیسڕائیلی بووە،

41- اتجاهات التصويت لدي فلسطينيو48 في انتخابات الكنيست السادس العشر/بيسان عدوان- www.almash-had.org

42-لە16ی ئازاری2004ران کۆهینی ئەندام پەرلەمان و یەکێ لە دەستەی دامەزرێنەرانی کۆنی میرتێسە و1940لەبەغدا لە دایک بووە وپلەی کۆلۆنێلی هەیە لە سوپای ئیسرائیلی،لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی حیزب 45,5%ی دەنگی ئەندامانی حیزبی هێنا،یەسی بیلین کە تازە هاتبووە ناو میرتێس 53،5%دەنگکانی هێنا بەمە بووە سەرۆکی حیزب ،ئەم ڕوداوەلای کۆنە ئەندامانی میرتێس شتێکی سروشتی نەبوو چونکە کارەتەریان وایە زیاتر گرنگی بە ئەندامە کۆنەکانیان بدەن بۆ ئەم پۆستە،بۆیەململانێیەکی توند لە نێو هەردوو باڵی سەر بەم دووانە دروست بوو بەڕادەیەک قسە لە نێوان هەردوو کەسایەتی نەمێنێ،ئەمەش وایکردوە ململانیەکی ناوخۆی لەناو یاحد هەبێ ولاوازی بکات.جگە لەمەش ئەم حیزبە11-12ملیۆن شیگل قەرزارە و هیچ مولک و بواری سەرمایەگوزاری نیە تا بتوانێ ئەم قەرزە بداتەوە،ئەندامەکانیشیان کە ژمارەیان نزیکەی(12 هەزارە)چاوەڕواناکرێ بتوان ئەم سەرمایەیە بەو قەیرانە ئابوریە کە لە ئیسڕائیل هەیە کۆبکەنەوە و یاسای ئیسرائیلیش ڕگا نادات زیاترلە900شیگل لە خێزانی هەر ئەندامێک وەربگیرێت.0

43- هەمان سەرچاوەکانی ژمارە24

44- http://www.islamonline.net/Arabic/In_Depth/Palestine/articles/2004_09/article09.shtmخريطة الأنقسامات الداخلية في اسرائيل/جلال الدين عزالدين/

45- هەمان سەرچاوەکانی ژمارە24

46- هەمان سەرچاوەکانی ژمارە24

47- هەمان سەرچاوەکانی ژمارە24

48- هەمان سەرچاوەکانی ژمارە24

49- الاحزاب السياسيه الاسرائيليه-اعداد:سيدى احمد بن احمد سالم/ الجزيره نيت الاحد/3-10- 2004

50-http://www.baath-party.org/monadel/no-328/almonadil328_11.htm بابةتي بيبيلوغرافيا الاحزاب و المنظمات الصهيونية في اسرائيل و بعض دول العالم(1948-2004)اكرم فواز الجباعي/اقتبست من المجلة الداخلية لحزب البعث السوري-باسم-المناضل العدد328 ايلول2004

51- الاحزاب السياسيه الاسرائيليه-اعداد:سيدى احمد بن احمد سالم/ الجزيره نيت الاحد/3-10- 2004 هەروەها http://www.moqatel.com/openshare/indexf.htبابەتی(احزاب والجماعات الدينيه فى الاسرائيل).

52- هەمان سەرچاوەکانی ژمارە 51

53- هەمان سەرچاوەی ژمارە51

54- هەمان سەرچاوەکانی ژمارە37.

55- هەمان سەرچاوەی ژمارە51

56-هەمان سەرچاوەکانی ژمارە 24.

57- www.almash-had.org /لاپەڕەی المشهد الاسرائيلى_بابەتی / شينوي سقطت في امتحان التنفيذ و قوتها علي مايبدو ستتراجع/بقلم:برهوم جرايسى-19-12-2004.

58- پارتی ئەجودات يسرائيل لە پارتە هەرە کۆنەکانی جوە ئەرسۆدۆکسەکانە،لە1912 لە پۆلەندا دامەزراوە،دژی بيرۆکەی زايۆنيزمی و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەی جوەکانە لە فەلەستين بەکفر ولادان لە دينی دادەنێنن، دەلێن دينی جولەکە ڕێگا نادات بە هێز دەوڵەت دابنرێت،ئەمەش بە داگيرکردن دادەنێن و ئەم خراپەکاريەش ڕۆژی رزگاربوونی لەلايەن خواوە لەسەر دەستی مەسيح دوا دەخات.هەروەها ئەم حيزبە ئينتدابی بەريتانيشی ڕەت دەکردەوە،بەلاّم بە تێپەڕ بوونی کات و دامەزراندنی دەوڵەتی ئيسرائيلی باڵە کرێکاريەکەی(بەعالی اجودت اسرائيل)لە هەلبژاردن و حکومەت بەشداری کرد،بەلاّم بەبێ ئەوەی بەڕسمی دان بەدەوڵەتی ئيسرائيل بنێ.لە ناوەڕاستی سيەکان دەستەی نەتوری کارتا دژ بە دەولەت لێی جيابوونەوە تا ئێستاش دژ بە هەڵبژاردن و کارکردن لە دامەزراوە ڕەسميەکان. ڕۆژی دامەزراندنی ئيسرائيليش بە ڕۆژی نەهامەتی دادەنێن،تيادا ئالاّی ئيسرائيل دەسوتێنن و پۆليس بەردباران دەکەن،بەلاّم ديجل هتوراه لە 1988 لە ئەجودات يسرائيل بە هۆی مەسائيلی تائيفی-دينی جيا بووەوە.هەندێ لە ناوەندە(الحريديه)کان لە ئەجودات هاخام مناحم ميندل شنيئورسون کە لە نيۆيۆرک دادەنيشێ بە مەسيحی چاوەڕوانکراو دەزانن،ئەمەش بۆتە هۆی تورە کردنی ڕابەرە ئاينيەکانی ليتوانی.

59- www.moqatel.com .بابەتی(احزاب والجماعات الدينيه فى الاسرائيل).

60-www.moqatel.com .بابەتی(احزاب والجماعات الدينيه فى الاسرائيل). بەشی دوەم پارتی مفدال. ئەم دوو حيزبەی کە مفداليان پێکهێناوە بە کۆنترين حيزبە زايۆنيەکان دادەنرێن،مزراحی لە 1902لەڕوسيا دامەزراوە، هەرچی کريکاری مزراحيشە لە1922 لەفەلەستين دامەزراوە.

61-مفدال زۆر توشی جيابونەوە هاتوە،زۆر لەو حزبە ئاينيە توندڕەوانەی ئيسرائيل دەگەڕێنەوە بۆ مفدال،لەوانە:غوش ئامونيم،کاخ،هاتيحا،تەقاليدی ئيسرائيل،ئەهارون ئەبە حێيرە،مساد،بزوتنەوەی ميماد و ئيتر، هەمان سەرچاوەی ژمارە 60 و هەروەها سەرچاوەی ژمارە50 و سەرچاوەکانی ژمارە24ش.

62-هەمان سەرچاوەی ژمارە50. هەروەها www.moqatel.comابابەتی(احزاب والجماعات الدينيه فى الاسرائيل).

63- هەمان سەرچاوەکانی ژمارە 24

64- بۆ ئەم بابەتە لە سەرەتاوە تا کۆتای سودمان لە هەمان سەرچاوەی ژمارە 50 وەرگرتوە

65- بۆ ئەم بابەتە لە سەرەتاوە تا کۆتای سودمان لە هەمان سەرچاوەی ژمارە 50 وەرگرتوە

66 – بۆ ئەم بابەتە لە سەرەتاوە تا کۆتای سودمان لە هەمان سەرچاوەی ژمارە 50 وەرگرتوە.

67- بۆ ئەم بابەتە لە سەرەتاوە تا کۆتای سودمان لە هەمان سەرچاوەی ژمارە 50 وەرگرتوە.

68- اتجاهات التصويت لدي فلسطينيو48 في انتخابات الكنيست السادس العشر/بيسان عدوان- www.almash-had.org

69- اتجاهات التصويت لدي فلسطينيو48 في انتخابات الكنيست السادس العشر/بيسان عدوان- www.almash-had.org

70-رکاح کە کورتکراوەی(القائمه الشوعيه الجديده) لەساڵی 1956 دامەزراوە،ئەم ڕێکخراوانەی (مابام)يان پێکهێنابوو تەکەتولات لە ناوياندا دروست بوو بە تايبەتی دوای کۆنگرەی1951 کاتێ بڕياريياندا حزبێکی(م.ل)ئيسرائيلی دروست بکەن کە لە هەمان کات پارتێکی ئيسرائيلی پێشەنگ بێت و حزبێکی ئيقليمی جو-عەرەبيش بێ،بە سيستەمێکی مەرکەزی.بەلاّم40%ی ئەندامانی حيزب دژی ئەم ڕايە بوون بەتايبەتيش دژی بيرۆکەی بەشداربونی عەرەبەکان بوون.،مابام لە1953 گۆڕانکاريەکی بنەڕەتی تيادا رويدا پاش ئەوەی نوێنەری چەپخواز(مۆشێ سينە) ولايەنگرەکانيان لە حيزب دەرکران،ئەم گروپە حزبێکی تايبەتيان دروستکرد ناويان نا(حزب اليسار الاشتراکی فی اسرائيل)ئەم حزبە لەگەڵ حزبی شوعی اسرائيل بەرەيەکيان پێکهێنا دواتريش يەکيان گرتەوە،بەلاّم پاش چەند ساڵێک پيکەوە کارکردن حزبی شوعی دابەشی دوو باڵ بوو،يەکيان بە سەرۆکايەتی شموئيل ماکۆنيس،زۆربەی ئەندامەکان جو بون،دوەميان باڵی مائير فلز بوو زۆربەيان عەرەب بوون،ئەم باڵە بە (رکاح) ناسران،

71-."(http://www.aljabha.org/q/index.asp?f=aiman.htm)رسالة الي السباب الجبهة...الان بادات/ المحامي ايمن عودة.

72-www.moqatel.com .بابەتی(احزاب والجماعات الدينيه فى الاسرائيل).

73- www.almash-had.org بابةتي/ماذا يحدث بين الحزب الشوعي الاسرائيلي و الجبهة الديموقراطية للسلام و المساوات/علاء حليحل/5-4-2004/

74- اتجاهات التصويت لدي فلسطينيو48 في انتخابات الكنيست السادس العشر/بيسان عدوان-www.almash-had.org هەروەها الانتخابات الاسرائيلية و عرب48/احمد ابو حسن/2004/10/3/الجزيرة نت. يان توزيعة الانهائية لمقاعد الكنيست. الشوءون الاسرائيلية/انتخابات2003www.arabs48.com

75- هەمان سەرچاوەکانی ژمارە 24

76-http://www.ahram.org.eg/acpss/ahram/2001/1/1/CI2R22.HTM- هەروەها بابەتی/خلفيه محاکمه الدکتور عزمی بشارە/ في ويب سايد/ عرب48_في قسم شووءن الاسرائيلية-دراسات- www.arabs48.com يان الانتخابات الاسرائيلية و عرب48/احمد ابو حسن/2004/10/3/الجزيرة نت

77- هەمان سەرچاوەی ژمارە74 ،هەروەها هەمان سەرچاوەکانی ژمارە 24

78-- هەمان سەرچاوەی ژمارە50 ،هەروەها هەمان سەرچاوەکانی ژمارە 24

79- عناصر قيادية في الجبهة تدعو محمد بركة الىاستقالة...:في ويب سايد/ عرب48_في قسم شووءن الاسرائيلية-دراسات- هەروەها هەمان سەرچاوەکانی ژمارە 24،ئەلتيبی لە 19ی ک.يەکەمی 1958 لەفەلەستين لە دايک بووە،ژنی هێناوە و دوو کوڕی هەيە،خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرايە لە بواری پزيشکی،لە نێوان ساڵانی1988-1993ئەندامی بەڕێوەبەرايەتی کۆمەڵی مافی مرۆڤ بووە، ئەندامی لێژنەی بەدواداچوونی باڵا بووە بۆ کاربارى هاولاّتيانی عەرەب، لە1993-1999ڕاوێژکاری سياسی ياسر عەرفات بووە.

80- الانتخابات الاسرائيلية و عرب48/احمد ابو حسن/2004/10/3/الجزيرة نت. هەروەها هەمان سەرچاوەکانی ژمارە 24

81- اتجاهات التصويت لدي فلسطينيو48 في انتخابات الكنيست السادس العشر/بيسان عدوان- www.almash-had.org هةروةهاhttp://www.islamonline.net/Arabic/In_Depth/Palestine/articles/2004_09/article09.shtmخريطة الأنقسامات الداخلية في اسرائيل/جلال الدين عزالدين/هەروەها سەرچاوەی ژمارە84/الجزيرة نت(الانتخابات الاسرائيلية).

82-الانتخابات الاسرائيلية و عرب48/احمد ابو حسن/2004/10/3/الجزيرة نت. هەروەها توزيعة الانهائية لمقاعد الكنيست. الشوءون الاسرائيلية/انتخابات2003www.arabs48.com

83- http://www.amin.org/views/index.htmlبابةتي/استهداف الحركة الاسلامية في فلسطين48.لماذا الأن؟/ابراهيم ابو الهجاء9/اراء الحرة/حزيران/2003 هەروەها هەمان سەرچاوەی ژمارە 24 هەروەها هەمان سەرچاوەکانی ژمارە30

84- معتقلو الحركة الاسلامية يعلنون اضرابا عن الطعام- اخبار ليوم /2004/12/7_www.arabs48.com .

85- هەمان سەرچاوەی ژمارە 24 هەروەها هەمان سەرچاوەکانی ژمارە30

86-www.almash-had.orgبابةتي الديموقراطية الاسرائيلية ليست امرا مفروغا منة/برؤفيسور يوآف بيليد/2004/11/30_ في القسم (أبحاث و دراسات ).أو دستور بالوفاق اي وفاق/بروفيسور نديم روحان-2005/1/6 نفس المصدر و القسم.

87- هەمان سەرچاوەی ژمارە 9،ل101-102.

88- هەمان سەرچاوەی ژمارە 9،ل110-111.

89-www.almash-had.org،بابةتي المخاوف الديموغرافية في ئيسرائيل/علي بدوان:20-8-2004.

90-- هەمان سەرچاوەی ژمارە 9/ل112-113

91-655هەزار کەس لە ئیسرائیل لەریزی پیرو پ*ککەوتەکان دادەنرین کەدەکاتە9.9%ی دانیشتوانی ئیسرائیل،ئەم ریژەیەش دوجار بەقەدەر سالی1960،واش چاوەروان دەکری ئەم ریژەیە لە سالی2020 بگاتە یەک ملیۆن کەس واتە11.8%ی سەرجەم دانیشتوانەکەی.بەگویرەی قسەکانی وەزیری(ئۆرلیف)ئەمەش کاریگەری بەسەر کەمکردنەوەی بەردەوامی یارمەتیەکانەوە هەبی، ئەگەر حکومەت بیمەی بیکاری و کۆمەکی ئەم پیرانە نەکاتن لەوانەیە ریژەی هەژاری ژیر هیلی نەبونی لەناو ئەم بەسالاچوانە بگاتە60%.ئەگەرچی سەرژمیریەکانی رەسمی دەلین ئەم ریژەیە ئیستا20%ە. بابةتي(سكان إسرائيل إلى شيخوخة وأوضاع قاتمة يعانيها المسنون الإسرائيليون)6/24/ اقتصاد والمجتمع 2004 www.almash-had.org.

92-حكومة شارون الثانية و مستقبل التسوية السلمية/د.خالد شعبان/www.oppc.pna.net/magئەوانەی مافی دەنگدانیانهەبووە لە هەلبژاردنەکانی2003دا4.7ملیۆن دەنگدەر بوونە،ا 3.200.773 دەنگدەر بەشداربوون بەریژەی (68.2%) دەنگە رەتکراوەکان 52.409، دەنگە راستەکان 3.148.364، ریژەی یەکلاکەرەوە 47225 دەنگ،ئەو دەنگانەی پیویست بوون بۆ وەرگرتنی یەک کورسی 25137دەنگ. بەمەش ژمارەی ئەندامە راستڕەوەکان لە کەنیسەت (لیکود، یەکیتی نەتەوەیی،مفدال) 53 ئەندام، چەپەکان (کار، میرتس(ئیستا یاحد) 25 ئەندام،بەدینەکان (شاس، یهدوت هتوراه) 16 ئەندام، پرتە عەرەبیەکان (حداش، التجمع، القائمە الموحدە) 8 ئەندام، میانرەوەکان (شینوی، یەک گەل) 18 ئەندام.نوینەری مهاجیرەکانیش 10 رئەندام، ژمارەی ئەو ئەندامانەی لە مستەوتەنەکان دەژین9ئەندام،ژمارەی سەرجەم ئەندامە بەدینەکانیش28 ئەندامە.ئ

93-القوى الخفيه فى السياسه العالميه من يحكم العالم_ال.فراى/ترجمه:جهاد قدرى قلعچى /دار الكتاب العربى_چاپى يەکەم1992 بۆ زیاتر زانیاری سەیری ل43-58 بکە.